Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpA.1

# پاڵنەرەکانی پڕچەککردن و فرۆشتنی چەکی ئەمریکی بە ئێران (١٩٧٢ – ١٩٧٤)

**اسماعيل عبدالله اسماعيل /** بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر،هەرێمی کوردستان ،عێراق،

**مهدي محمد قادر** / بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر،هەرێمی کوردستان ،عێراق

OPEN ACCESS

*Corresponding author

Ismael Abdullah Ismael
Ismael.ismael1@su.edu.krd

RECEIVED :12 /05/2024
ACCEPTED :17/07/ 2024
PUBLISHED :15/06/ 2025

وشە سەرەکییەکان:
پاڵنەرەکان،
پڕچەککردن،
ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا،
ئێران

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (پاڵنەرەکانی پڕچەککردن و فرۆشتنی چەکی ئەمریکی بە ئێران)، هەوڵێکە بۆ تیشک خستنەسەر ڕەوشی سەربازیی لە ناوچەی کەنداوی عەرەبی. گومانی تێدا نییە، کە پرسی پڕچەککردن لە حەفتاکانی سەدەی بیستەم لایەنێکی گرنگی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان وەرگرتبوو، هاوشێوەی ئەو ململانێیانەی لەو سەردەمەدا لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتدا پەرەی سەندبوو، کە هەر لایەنێکیان هەوڵەکانی خۆی بۆ فراوانکردنی کاریگەری و توانا سیاسی و سەربازییەکانی لەسەر حیسابی لایەنی بەرانبەر لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا خستبووەگەڕ.

ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە پڕچەککردنی ئێران بە هەموو جۆرە چەکێکی ئاسایی جگە لە چەکی ئەتۆمی. ئەم بڕیارەی نیکسۆنی سەرۆکی ئەمەریکا لە ئەنجامی مەترسی بڵاوبوونەوەی هەژموونی کۆمۆنیستی لە ناوچەی کەنداوی عەرەبی و بەستنی پەیماننامەی دۆستایەتی و هاوکاری نێوان یەکێتی سۆڤیەت و عێراق بوو.

توێژینەوەکە باس لەوە دەکات کە فرۆشتنی چەک لەلایەن ئەمریکاوە بە ئێران وایکردووە ئێران ببێتە بریکارێکی دڵسۆزو پارێزەری بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەی کەنداودا، بەمجۆرە ئێران بووە کریارێکی سەرەکی چەکی ئەمریکی لە ناوچەکەدا، بەجۆرێک لە کڕینی چەکدا پێش هەریەک لە ئیسرائیل و سعودیە کەوتەوە .

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## ١- پێشەکی :

سەرهەڵدانی ڕووداو و پێشهاتە سیاسییەکانی ناوچەکانی کەنداوی عەرەبی، بووەتە هۆکاری کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ناوچەکەدا ، جگە لەوەی لە هزر و سیاسەتی ئەمریکا ستراتیژی بە وەکالەت لە ناوچەکە هەبوو، ئەمەش لەژێر کاریگەری ئەمن و ئاسایش بوو. لە هەمان کاتدا نزیکبوونەوە و بەستنی پەیماننامەی دۆستایەتی و هاریکاری لە نێوان عێراق و یەکێتی سۆڤیەت کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر پەیوەندی ئەمریکا و ئێراندا هەبوو، هەر ئەمەش کاریگەری لەسەر بڕیاری سەرۆک نیکسۆن بۆ فرۆشتنی چەک بە ئێرانەوە هەبوو . لەو کاتەدا ئێران ببووە بازاڕێکی گرنگ بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمە ڕۆژئاواییەکان و ئەمریکییەکان، هەر چەندە لە سەرەتادا هاوکارییە سەربازییەکانی ئەمریکا بۆ ئێران وەک یارمەتی بوو، بەڵام دواتر بوو بە کڕین و فرۆشتن .

ئامانج لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا، هەولدانێکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە هۆکارە پاڵنەرەکانی پڕچەککردنی ئێران لەلایەن ئەمریکا چی بوو؟ ئایا نزیکبوونەوەی یەکێتی سۆڤیەت لە عێراق، چ کاریگەرییەکی لەسەر سیاسەتی ئەمریکا و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران هەبوو ؟

توێژینەوەکە بە ناونیشانی (پاڵنەرەکانی پڕ چەککردن و فرۆشتنی چەکی ئەمریکی بە ئێران)، جگە لە پێشەکی لە سێ تەوەر پێکهاتووە، سەبارەت بە تەوەری یەکەم تیشک خراوەتە سەر تێڕوانینێکی گشتی بۆ هۆکارە پاڵنەرەکانی پڕچەککردنی ئێران. تەوەری دووەم باس لە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و کاریگەری لەسەر پڕچەککردنی ئێران کراوە، هەروەها ئاماژەش بە کڕینی گرنگترین جۆری و چەک و گرێبەستە گرانبەهاکان کراوە .

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە سوود لە چەندین سەرچاوەی جۆراوجۆر وەربگیرێت، بەڵام بەپێی ڕێزبەندی سەرچاوەکان زیاتر سوود لە کتێبەکەی( زهير شكر، السياسة الأمريكية في الخليج العربي) و کتێبەکەی (روح الله رمضاني، سياسة إيران الخارجية 1941 – 1973، ت: علي حسين فياض وعبدالمجيد جودي) و کتێبەکەی (جواد كاظم حطاب الشويلي، مبدأ نيكسون وأثره في منطقة الخليج العربي 1969 – 1979) وەرگیراوە ، نووسەران زۆر بە ووردی باسیان لە هۆکارە پاڵنەرەکانی پڕ چەککردن و فرۆشتنی چەکی ئەمریکی بە ئێران کردووە .

**گرنگی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمانە گرنگترین پاڵنەرەکانی پڕچەککردنی ئێران لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٢ – ١٩٧٤دا بەشێوەیەکی زانستیانە بخەینە ڕوو .

**ئامانجی توێژینەوە:** تێگەیشتنە لە ڕادەی بە دەمەوە هاتنی نیکسۆنی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەربارەی داواکارییەکانی شای ئێران بۆ پڕچەککردنی سوپای وڵاتەکەی بە چەکی پێشکەوتوو و مۆدێردن، بە مەبەستی ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی بیری کۆمۆنیستی لە ناوچەی کەنداوی عەرەبی .

**میتۆدی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیە پشت بە میتۆدی مێژوویی و شیکاری بەستراوە، بۆ خستنە ڕووی پرسی پڕچەککردنی ئێران و گرنگترین ئەو گرێبەستانەی لە ماوەی توێژینەوەکەدا واژۆ کراون .

## ٢- پاڵنەرەکانی پڕ چەککردن و فرۆشتنی چەکی ئەمریکی بە ئێران .

پێشهاتە سیاسییەکانی ناوچەکانی کەنداوی عەرەبی لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی بیستەم، یەکێک بووە لە هۆکار و فشارەکانی کە کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ناوچەکەدا هەبوو، جگە لەوەی کە ئەمریکا بیری لە پەیڕەوکردنی ستراتیژی بە وەکالەت لە ناوچەکە کردبووەوە. لە هەمان کاتدا بەستنی پەیماننامەی دۆستایەتی و هاریکاری لە نێوان عێراق و یەکێتی سۆڤیەت لە 9ی نیسانی 1972 بۆ ماوەی (١٥) ساڵ و لێک نزیک بوونەوەی هەردوو وڵات لەیەکتر (F.R.U.S, 1969 -1976 , Vol. E-4, Iran and Iraq (1969-1972) No. (303), Memorandum from Executive secretary of the Department of state (Eliot) to the president Assistant for National security affairs (Kissinger), Treat, Washington, 13 April 1972 ; David Ryan and Paterick Kiely, America and Iraq, New York, 2008 : 44)، ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران هەبوو، لەوانەش کاریگەری بڕیاری سەرۆک نیکسۆن سەبارەت بە فرۆشتنی چەک بە ئێران .

دوای ئەو پەرەسەندنە سیاسیانەی ناوچەکە هاوکارییە سەربازییەکانی ئەمریکا بۆ ئێران دەستی پێکرد، چونکە پێگەی

ئێران لە ستراتیژی ئەمریکا گرنگی تایبەتی هەبوو، چونکە ئێران لەم ماوەیە ئەرکەکانی ستراتیژی ئەمریکای لە ناوچەکەدا ئەنجام دەدا، لەبەرئەوەی ئەندامی دامەزرێنەری هاوپەیمانی (CENTO) بوو، کە پاکستان و تورکیا و ئێرانی لەخۆگرتبوو، سەرباری ئەوەش ئێران ڕۆڵی پارێزەری بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و خۆراوای لە ناوچەی کەنداوی عەرەبیدا دەبینی(الخولی، 1986 : 65). هەرچەندە ئێران بە یەکێک لە دارایيە نەوتییەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا و ئەمریکا دادەنرا و لەمپەرێکیش بوو دژی بەرژەوەندییەکانی یەکێتی سۆڤیەت(صالح، 2018 : 136) .

لەلایەکی دیکە ئێران بازاڕێکی بەناوبانگ بوو بۆ بەبازاڕکردنی بەرهەمە ڕۆژاواییەکان و ئەمریکییەکان، سەرەڕای ئەمەش پێگەی ئێران لەناو ستراتیژی سەربازی ئەمریکادا ڕەنگی دابووەوە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی لە پشتێنەی باکور هەریەک لە ئێران و تورکیا و یۆنان بەردەوام بوون لە وەستانەوە و بەربەست دروستکردن لە نێوان یەکێتی سۆڤیەت و دەروازە ئاوییە گەرمەکان و سەرچاوە نەوتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. گومانی تێدا نییە، کە ئەو یارمەتییە سەربازییە گەورەیەی لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە پێشکەشی ئێران دەکرا، هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ بێهێوا کردنی سەرکێشییە سەربازییەکانی یەکێتی سۆڤیەت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا(الخولی، 1986 : 71) .

جێگای ئاماژەیە لە سەرەتادا هاوکارییە سەربازییەکانی ئەمریکا بۆ ئێران لەسەر بنەمای یارمەتی بوو، بەڵام دواتر گۆڕا و ئێران بوو بە کڕیاری چەکی ئەمریکی، ئەمەش زۆر ڕوونە، کە پاڵپشتی کردنی سەربازی ئەمریکا بۆ ئێران کاریگەریی لەسەر بەهێزبوونی دامەزراوە سەربازییەکان لە ئێراندا هەبوو، کە لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم دەست پێ دەکات. تاکو ڕووداني شۆڕشی گەلانی ئێران لە شوباتی ١٩٧٩ بەردەوام دەبێت(فايد، د.ت : 27) . سەرەڕای هەبوونی هاوکارییە سەربازییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی بۆ ئێران و گەڕانەوەی محەمەد ڕەزا شا لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بۆ وڵات لە دژی سەرۆک وەزیران محەمەد موسەدەق(رمضاني، 1984 : 379) .

## ٣- پاڵنەرەکانی ئەمریکا بۆ پێدانی چەک بە ئێران .

گرنگترین پاڵنەرەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ پێدانی چەک بە ئێران دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆکارانەی خوارەوە -:

١- ئەمریکا دەیویست دەستوەردانی ڕاستەوخۆی خۆی لە جیهاندا کەم بکاتەوە، لە بەرانبەردا پشت بە هاوپەیمانەکانی و بریکارەکانی ببەستێت بۆ ئەوەی هەرچی بیەوێت لە جیاتی خۆی پێیان ئەنجام بدات، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە خاڵی مەترسی بۆ واشنتۆن پێک ناهێنن(طوالبة، 1980 : 25). هەرچەندە ئەم ئامانجە لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکاوە ڕەخنەی لێ گیرا و ڕەخنەکانیان لەسەر ئەو وتەیە چڕ دەبێتەوە: "ئێرانییەکان لە چەکی مۆدێرن تێناگەن، کە مەبەست زیاتر لێی فرۆکەی F4و F5 بوو و دەبێت شارەزایانی ئەمریکی بنێردرێن بۆیان، ئەمەش لەوانەیە دواتر ببن بە بارمتە لەلایەن شا، ئەگەر هاتوو لە شەڕێکدا تێوەگلا کە ناچاری بکات ئەو چەکە ئاڵۆزانە بەکاربهێنێت، کە ڕاوێژکارانی ئەمریکا سەرپەرشتی دەکەن، ئەمەش ببێتە هۆکارێک کە ئەمریکا بخزێتە نێو شەڕەکە"(فايد، د.ت : 32) .

٢- شوێنی جیۆپۆتیکی ئێران بۆ ئەمریکا جێگای بایەخ بوو، بەهۆی سەرپەرشتیکردنی گەرووی هورمز و باڵادەستی بەسەر هەندێک دوورگەی ناوچەکە گرنگییەکی زۆری هەبووە، چونکە ئەم گەرووە لە جیهان بە یەکێک لە گرنگترین ڕێگاکانی گواستنەوەی ئاوی دادەنرێت، کە ڕۆژانە زیاتر لە (100) کەشتی پێیدا تێپەڕدەبێت، ئەمەش گرنگی ستراتیژی ئێرانی زیاتر کردبوو، بەتایبەتی هەر هێزێک سەرپەرشتی و کۆنترۆڵی ئەو گەرووە بکات، ئەوا دەتوانێت باڵادەست بێت لە ڕووی سیاسی و سەربازی و بازرگانی ناوخۆیی و دەرەکی لە کەنداوی فارسی (علي، 2013 : 22- 23 ؛ اسماعيل، د. ت : 12) .

٣- ئەمریکا مەبەستی بوو ئێران لە ڕووی ئابوورییەوە ماندوو بکات، بۆ ئەوەی ژاپۆنێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست نەبێت، بۆ ئەم کارەش لە ڕێگەی دەربڕینی ڕەزامەندی بوو لەسەر داواکارییە سەربازییەکانی شا و هاندانی بوو بەمەبەستی هێشتنەوەی ئابووری ئێران بە وابەستەی ئیدارەی ئەمریکاوە(طوالبة، 1984 : 22) .

لەلایەکی دیکە بەشێک لە دەنگی ناڕازی لەناو وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا پەیدا بوو، هەروەها لەسەر ئاستی ڕای گشتی

ئەمریکا دژی بەردەوامی پەیوەندی نزیکی نێوان ئەمریکا و ئێران بوون، چونکە پێیان وا بوو زیادەڕەویکردن لە چەکدارکردنی ئێران کاردانەوەی نەرێنی دروست دەکات، کە زیان بە سەقامگیری ناوچەی کەنداو دەگەیەنێت، تەنانەت سەقامگیری لەناو خودی ئێرانیشدا تێک دەدات، چونکە تەرخانکردنی چەک بەشێوەیەکی لە ڕادەبەدەر هەمیشە لەسەر حیسابی گەشەسەندنی ئابووری و چاکسازییە کۆمەڵایەتییە ناوخۆییەکان دەبێت (Chubin, 1982 : 10).

٤- ئەمریکا هەندێک جار دەکەوتە ژێر فشاری کۆمپانیاکانی دروستکردنی چەک، بە مەبەستی زیادکردنی فرۆشیان، بۆیە هەمیشە ئەمریکا هەوڵی داوە داخوازی کۆمپانیاکانی جێبەجێ بکات (طوالبة، 1980 : 26).

٥- ئەمریکا دەیویست ئێران بکاتە ناوەندێک بۆ گەیاندنی چەک بۆ وڵاتانی ناوچەکە، بۆ ئەوەی لە هەر جۆرە شەرمەزارییەک دوور بکەوێتەوە، هەروەها ئیسرائیلی وەک ناوەندێک بۆ گەیاندنی چەک بۆ ئەفریقای باشوور بەکارهێنا. لە ئەنجامی پاڵنەرەکانی ئێران لە پڕچەککردنیدا لەلایەن ئەمریکاوە، ئێران بووە گەورەترین جبەخانەی سەربازی لە ناوچەی کەنداو، هەروەها لە دوای ئیسرائیل لە پلەی دووەمدا بوو لە بواری هاوردەکردنی چەکدا(فاید، د.ت : 32 – 33)

## ٤- پاڵنەرەکانی خۆ پڕچەککردنی ئێران

یەکەم: شا بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی وڵاتەکەیەوە هەمیشە هەستی بە دڵەڕاوکێ دەکرد، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ :-

أ- ئێران دەکەوێتە سەر سنوری عێراق و بەشێک لە وڵاتانی کەنداو، کە ئەمەش پەیوەندی بە پرسی ململانێی نێوان عەرەب و ئیسرائیلەوە هەبوو، بەو پێیەی ململانێکان دوای ڕوودانی چوار شەڕ لە نێوانیان، ئینجا ئەمەریکا بڕیاریدا هاوبەشی نیگەرانییەکانی ئێران بێت، لە داخوازییەکانی بۆ بەرگریکردن و بەدەستهێنانی پایەی دووەم شانبەشانی ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا(فاید، د.م : 31) .

ب- ئێران بەشێکی بەرفراوانی سنوورەکەی دەکەوێتە سەر سنووری یەکێتی سۆڤیەت بە درێژایی (1250) میل، ئەمەش نیگەرانییەکانی شا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای لەبارەی مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی بیری کۆمۆنیستی و پەرینەوەی بۆ ئێران بەرز کردەوە(Ziarati, 1989 : 90) .

جـ - ئێران لایەکی سنوورەکەی دەکەوێتە سەر کەنداوی عەرەبی، کە ئەم ناوچەیە بە تاکە ڕێڕەوی هەناردەی نەوتی ئێران دادەنرێت، بۆیە شا پێی وا بوو، دەتوانێت دەستکەوتی ئابووری دەستەبەر بکات، ئەگەر کار بۆ بونیاتنانی توانای سەربازی ئێران بکات(Ziarati, 1989 : 90-91) .

دووەم : خەونی دێرینی شا بۆ گەڕاندنەوەی شکۆمەندی ئیمپراتۆریەتی فارس و کۆنترۆڵکردنی ناوچەیەکی ستراتیژی وەک کەنداو، کە لەگەڵ خواستەکانیدا بگونجێت بە تایبەت لە کەنداوی عەرەبی، بۆیە شا ئەو ئاواتەی خۆی نەشاردەوە(طوالبة، 1980 : 34). لە هەمان کاتدا شا گەیشتە ئاستی لووتبەرزی سەربازی و هەستکردن بە دەسەڵاتێکی بەهێز، بۆیە دەستەواژە بەناوبانگەکەی خۆی ووت، "سوپای ئێران ئەوەندە بەهێز دەبێت، کە نەک هەر دەبێتە جێگای سەرنجی وڵاتانی ناوچەکە، بەڵکو هەموو جیهان ناچار دەبێت هێزی سوپای ئێران لەبەرچاو بگرێت"(مهابة، 1989 : 91)

سێیەم : ئێران ترسی بوونی هەندێک ڕژێمی بەناو شۆڕشگێڕی لە ناوچەکەدا هەبوو لەوانە عێراق و میسر، بەتایبەتی ترسی لە پەرەسەندنی توانا ئابووری و سەربازی عێراقدا هەبوو دوای کودەتاکەی ساڵی 1968، بۆیە ئیدارەی ئەمریکا لەگەڵ ئەم پاساوانەی ئێران هاوسۆز بوو. هەوڵی دا پڕچەککردنی ئێران لە خزمەت ئامانج و بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی لە ناوچەکەدا بەکاربهێنێت(فاید، د.ت : 31 ؛ المصدر السابق، ص31 ؛ آل سعود، 2006 : 89) .

چوارەم : شای ئێران پێی وا بوو، کە لە ڕێگەی پێشکەوتنی سەربازییەوە دەتوانرێت پێشکەوتنی پیشەسازی وڵات بەدی بهێنرێت(طوالبة، 1980 : 25) .

پێنجەم : شا پێی وا بوو، تەنها بە هێزی سەربازی دەتوانێت ئاسایش و سەقامگیری دەستەبەر بکات و هەر یاخیبوونێک لە ناوخۆی وڵاتدا ڕوویدات سەرکوتی بکات(فاید، د.ت : 31) .

دوای کشانەوەی بەریتانیا لە ساڵی ١٩٧١، ناوچەی کەنداوی عەرەبی ڕووبەڕووی لێشاو و پێشبڕکێیەکی پڕ چەککردن بوو، کە لە هیچ ناوچەیەکی دیکەی جیهان بەم جۆرە نەبوو. ئەم دۆخە لە ئەنجامی ئەو بنەمایانە هات، کە بە بنەماکانی سەرۆک نیکسۆن ناسرابوو. سەبارەت بە پابەندبوونێکی ڕوون و ئاشکرا بۆ پڕچەککردنی وڵاتانی ناوچەکە

پشت ڕاستکرایەوە. یەکەم کاری ئەو بنەمایانە بریتی بوو لە بەهێزکردنی هاوپەیمانەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە نوێترین و پێشکەوتووترین جۆری چەک، بۆئەوەی ڕۆڵی بریکار بگێڕن لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، بۆیە لە ماوەی حەفتاکانی سەدەی بیستەم لە جیهاندا ئەمریکا سەرچاوەی سەرەکی چەک و کەرەستەی سەربازی بوو، هەروەها 70%ی هەناردەکردنی چەکی ئەمریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ وڵاتانی جیهانی سێیەم بوو، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوون بوو لە دەستەبەرکردنی وڵاتانی ئەم ناوچەیە لەلایەن کارگەکانی دروستکردنی چەکی ئەمریکی(الشويلي، 2014 : 107) .

سەرەڕای باشتربوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و یەکێتی سۆڤیەت و ئەنجامدانی چەندین ڕێککەوتنی بازرگانی و گەشەپێدان لە ساڵی ١٩٦٢ەوە، بەڵام یەکێتی سۆڤیەت وەک سەرچاوەیەکی ترس و دڵەڕاوکێ بۆ شای ئێرانی مایەوە، چونکە یەکیتی سۆڤیەت هەوڵی فراوان کردنی هەژموونی خۆی دەدا لە ناوچەی کەنداو، لە ڕێگەی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق و پشتگیریکردنی لە هەوڵەکانی یاخیبووان بۆ ڕووخاندنی حکومەتە کۆنەپەرستەکان لەو وڵاتانەی کە هاوسنووری بوون .(F.R.U.S, 1969-1976, Vol XXVII, Iran ; Iraq, 1973-1976, Doc 62. Telegram From the Embassy in Iran to the Department of State, Tehran, June 26, 1974 : 200)، سەبارەت بە شانشینی وڵاتانی عەرەبی لە کەنداو و شانشینی عەرەبی سعودی، هیچ مەترسییەکیان بۆ سەر ئێران دروست نەکرد، بەڵکو وەک زەمینەیەکی لەبار بۆ گەشەکردنی ناسیۆنالیزمی توندڕەویی عەرەب سەیر دەکران، بۆیە لەلایەک ئێران کاری کرد بۆ بەهێزکردنی توانا سەربازییەکانی و پاراستنی پەیوەندییە نزیکەکانی لەگەڵ ئەمریکا(F.R.U.S, 1969–1976, Vol XXVII, Iran ; Iraq, 1973–1976, Doc 1. Airgram From the Embassy in Iran to the Department of State, Tehran, January 9, 1973 : 10)، لەلایەکی دیکەوە ئەمریکا کاری بۆ دابینکردنی چەک و خزمەتگوزاری و مەشق و ڕاهێنان بۆ سوپای ئێران کرد، ئەمەش بووە هۆی زیادبوونی ڕوونی ژمارەی شارەزا و ئەفسەرانی ئەمریکا لە ئێران و چوونی ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرانی سوپای ئێرانی بۆ ئەمریکا بۆ وەرگرتنی مەشقی سەربازی جۆراوجۆر(صالح، 2008 : 131) .

جێگای ئاماژەیە پێویست بوو لە سەرەتادا هێزی سەربازی ئێران بونیات بنرێت، هەروەها بیرۆکەی دروستکردنی بنکەیەکی سەربازیی ئێران دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٥، کاتێک چووە نێو سیستەمی فڕۆکەی پێشکەوتوو و بووە خاوەنی فڕۆکەی جۆری (F5) و مووشەکی هۆک و چەندین فڕۆکەی بۆمبڕێژکەری دوور مەودای فانتۆم، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٨ دەستی کرد بە دابینکردنی چەکی هاوچەرخ و پێشکەوتوو. لەم کاتەوە ڕێژەی بودجەی بەرگری ئێران زیادبوونی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی و لە هەمان کاتدا داوای کڕینی چەک لەلایەن ئێرانەوە لە چەند وڵاتێکی ڕۆژئاوایی زیادیان کرد(Ziarati, 1989 : 75 ; Amirahmadi and Entessar, 1993 : 250) .

لەلایەکی دیکە ستراتیژیەتی نوێی ئەمنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ناوچەی کەنداو، بریتی بوو لەوەی کە بە تەنها پشت بە هەڵبژاردنی جێگرەوەو بریکارێکی خۆی نەبەستێت، یاخود هەر تەنها پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نەبێت لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکەدا لەمەڕ ئەو لایەنانەی دەبنە جێگەی خزمەتکردنی بەرژەوەندی و ئامانجەکانی، بەڵکو لە هەمان کاتدا سیاسەتی پەلەکردنی جێبەجێ کرد و هەڵپەی خۆپڕچەککردنی وەک ڕەگەزێکی سەرەکی بنەماکانی نیکسۆنی گرتەبەر، کە بریتی بوو لە ڕەوانەکردنی یارمەتی سەربازی بۆ هاوپەیمانەکانی خۆی لە ناوچەکەدا(مهابة، 1989 : 74) .ئێران لە سەرەتاکانی ساڵی 1970دا، بووە ئەو پایە بەهێزەی کە سیاسەتی ئەمریکا لە هەمبەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە لە دوای کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی سوێسدا پشتی پێی دەبەست (Wright, No date :، 8 – 10)، چونکە ئەمریکا بەر لە ساڵی 1972دا فرۆشتنی چەکی بە ئێران سنووردار کردبوو(شکر، 1982 : 70)، بەڵام دواتر بارودۆخی ناوچەکە گۆڕانی بەسەردا هات، لە ماوەی ساڵانی (1971– 1978)، شای ئێران بە بەهای (١٩) ملیار دۆلار داوای چەک و تەقەمەنی و کەرەستەی سەربازی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد، واتە ئاستی کڕینی چەک لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرز بوویەوە(هويدا، د.ت : 192).

جێگای ئاماژەیە لە ماوەی 22 ساڵدا و بەتایبەتی لە ساڵانی (1950– 1971)، ئێران بە بڕی (1,2) بلیۆن دۆلار چەک و

کەرەستەی جەنگی لە ئەمریکا کڕی(شکر، 1982 : 70)، بەڵام لە ماوەی ساڵانی (1971– 1978) گەیشتە (2) بلیۆن دۆلار، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە، کە گوژمە و خەرجی سەربازیی ئێران دەستی بە بەرزبوونەوە کردووە(هویدا، د.ت : 192 ؛ Chubin and Zabin, No date : 258) .

دەکرێت بگوترێت خێرایی پرۆسەی بونیاتنانی هێزی سەربازی ئێران و پڕچەککردنی بە چەکی زلهێزێکی وەک ئەمریکا لەم ماوەیەدا بەم خێراییە، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغەی بونیاتنانی سەربازی ئێران لە سەردەمێکی ئاشتیدا، کە بە دەگمەن لە نێو وڵاتاندا ڕوویدا بێت، چونکە ئەم پرۆسەیە لە کاتی شەڕدا زیاتر دەردەکەوێت نەک لە کاتی ئاشتیدا. ئامانجی ئەمریکا لە پەیڕەو کردنی ئەو سیاسەتە بۆ ئەوە بوو ئێران بکاتە قەڵایەکی سەربازی بەهێز لە ناوچەکەدا، کە ئامانج لێی سەقامگیری و دەستەبەرکردنی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بوو(کلیر، 1980 : 266 ؛ AZAD, 2017 : 86)، لە هەمان کاتدا ستراتیژی پەلەکردن و هەڵپەکردن بەرەو خۆ پڕچەککردن، لەسەر ئەو بنەمایە بونیاتنرابوو کە چەکی ئەمریکی دەوڵەتانی کەنداو لە گشت دەستوەردانێکی دەرەکی دەپارێزێت، هەروەها پرۆسەکانی فرۆشتنی چەک پەیوەندیی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەلایەک و ئێران و شانشینی عەرەبی سعوودی لەلایەکی دیکەوە پتەوتر دەکات(شکر، 1982 : 67) .

لەلایەکی دیکەشەوە، هەبوونی چەکی ئەمریکی لە ناوچەی کەنداودا، لەگەڵ بوون و ئامادەیی شارەزایانی ئەمریکی لە ناوچەکەدا، ئەمەش دەبێتە هۆی پتەوترکردن و گەشەکردنی هەژموونی ئەمریکا لەنێو وڵاتانی کەنداودا(شکر، 1982 : 68)، بۆیە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێی وا بوو ئێران تەنها لەو کاتەدا توانی ڕۆڵی خۆی بگێڕێت، کە پشتی بە چەک و کەرەستەی زەبەلاح و پێشکەوتووی ئەمریکا بەست. لێرەوە ستراتیژی ئەمریکا لەگەڵ خواست و حەزی شا و خودی ئێران بۆ بەهێزکردنی ئێران وەک گەورەترین هێزی ناوچەکە یەکانگیر بوو، بۆیە شای ئێران ئەو دەرفەتەی قۆستەوەو داوای لە "نیکسۆن"ی سەرۆکی ئەمریکا کرد، نەک هەر تەنیا چەکی پێ بدات، بەڵکو لە هەمان کاتیشدا لە کڕینی چەکی پێشکەوتووی ئەمریکا سەر پشکی بکات، چونکە وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا دوو دڵ بوو لە جێبەجێ کردنی داوکارییەکان، واتە خۆی لە بەجێهێنانی داواکارییەکانی شای ئێران دەدزییەوە(شوکروس، د.ت : 201) .

دیدگای ئەمریکا و ئێران لە پێویستی پێشخستنی هێزە چەکدارەکانی ئێران بۆ پاراستنی ئاسایشی کەنداو کۆک و تەبا بوو، بۆیە شا ئەو ڕێبەرایەتییەی وەرگرت و سەرپەرشتی بونیاتنانێکی سەرانسەریی سەربازیی وڵاتەکەی کرد، لەمەشدا هۆکارێکی دیکە یارمەتیدەری بوو، ئەویش ئەوە بوو، کە سەرۆک نیکسۆن دوای بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیا، جۆری ئاخاوتنی خۆی گۆڕی، کە تایبەت بوو بە فرۆشتنی چەک بە ئێران لە ڕێگەی بەستنەوەی ئەو مامەڵەو ڕێککەوتنانە بە ڕیفۆرمی ناوخۆیی(Wright, No date : 8 – 10)، هەروەها ڕەزامەندی لەسەر ئەوە پیشاندا بەهێزترین و پێشکەوتووترین چەکی ئەمریکی بفرۆشێتە ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش کار بۆ پێشخستنی هێزە چەکدارەکانی ئێران بکات، بەم جۆرە ئەمریکا دەستی کرد بە کارکردن بۆ پەرەپێدان و بەرەو پێش بردنی هێزە چەکدارەکانی ئێران (Chubin and Zabin, No date : 257 ؛ کلیر، 1980 : 267) .

لەلایەکی دیکە کێشەی ڕاستەقینەی بەردەم ئێران لە چوارچێوەی سیاسەتی ناوچەیی خۆیدا ڕووبەڕووی بوویەوە، هەڵوێستی بەرانبەر یەکێتی سۆڤیەت بوو. لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان سەبارەت بە خواستەکانی لە کەنداوی عەرەبی و ململانێ و کێبڕکێی زلهێزەکان. ئەمە سەرەڕای تێڕوانینی یەکسانیان سەبارەت بە پێویستی دوورخستنەوەی ناوچەی کەنداوی عەرەبی لە ململانێ و کێبڕکێی زلهێزە گەورەکان، هەروەها ئێران پێی وا بوو، کە لێدوانەکانی سۆڤیەت لەگەڵ کردەوەکانیدا ناگونجێت و دوورن لە یەکەوە، بۆیە ئێران هەمان هەڵوێستی ناڕەزایی خۆی بۆ "پڕکردنەوەی بۆشایی دەسەڵات" لەهەمبەر هەر هێزێکی دەرەوەی ناوچەکە دووبارە کردەوە، دواتر شای ئێران لە کانوونی دووەمی ١٩٧٢دا لە چاوپێکەوتنێکدا سەبارەت بە دیدگای خۆی بۆ ئامادەبوونی ئەمریکا لە بەحرەین ڕاگەیاند، و وتی "ئێمە ئاواتەخوازنین هیچ دەسەڵاتێکی دەرەکی لە کەنداوی عەرەبیدا ببینین، جا ئەو زلهێزانە چ بەریتانیا بن، یاخود ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، یان یەکێتی سۆڤیەت، یانیش چین بێت"(رمضاني، 1984 : 368) .

پەیوەندییەکانی یەکێتی سۆڤیەت و ئێران ڕووبەڕووی گرژی بوونەوە، کاتێک لە ٩ی نیسانی ١٩٧٢دا یەکێتی سۆڤیەت

پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ عێراق واژۆ کرد، هەروەها بەپێی ئەو پەیماننامەیە یەکێتی سۆڤیەت گەرەنتیدا بە عێراق لە بەرانبەر هەر دەستدرێژییەک بۆ سەری ئەنجام بدرێت. ئەمە جگە لەوەی سۆڤیەت چەکی بۆ عێراق دابین دەکرد(عبدالكريم، 1976 : 75)، ئەمەش ئێرانی زۆر نیگەران کرد، هەروەک دواتر ئەمیر خوسرەوی ئەفشار باڵیۆزی ئێران لە ئەمریکا ڕایگەیاند، "ئەو چەکانەی ئێران لە ئەمریکا کڕیبووی زیاتر نەبوون لەو چەکانەی کە یەکێتی سۆڤیەت بۆ عێراقی دراوسێمان دابینی دەکرد"(رمضاني، 1984 : 388)، بەتایبەتی دوای ئەوەی یەکێتی سۆڤیەت بڕیاریدا چەکی زیاتر بە عێراق بدات، لە کاتی سەردانەکەی سەرۆکی عێراق ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر بۆ مۆسکۆ لە هەمان ساڵدا، ئەمەش وەک هێدمە یاخود حەپەسانێک وا بوو بۆ دەسەڵاتدارانی ئێران و نیگەرانییەکانی ئەوانی لە داهاتووی پەیوەندییەکانی ئێران و سۆڤیەت ورووژاند(Freedman, No Date : 105) .

جێگای ئاماژەیە دوای ئەوەی نیکسۆن پۆستی سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای وەرگرت، هاوکارییە سەربازی و ئەمنییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران زیاتر بوو، بەتایبەت دوای گەڕانەوەیان لەگەڵ هێنری کسینجەر وەزیری دەرەوە لە مۆسکۆ و لە دیدارەکەیان لەگەڵ لیونید بريجنيف (Leonid Brezhnev) (البعلبكي، 1992 : 103 – 104) سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت، لە ٣٠ ئایاری ١٩٧٢ سەردانی ئێرانیان کرد، هەروەها پەیمانی سوڤیەت و عێراق یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەردانەکەیان بوو بۆ لای محەمەد ڕەزا شا، کە تیاییدا شا بەخێرهاتنی سەرۆکی ئەمریکای کرد و پێکەوە لە کۆشکی سەعدئاباد کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا، تیایدا بارودۆخی ناوچەکە بەگشتی و سەردانەکەی سەرۆکی ئەمریکا بۆ مۆسکۆ و ململانێی نێوان عەرەب و ئیسرائیل تاوتوێ کران (Department of State Tehran, Telegram (3254) From the Embassy in Iran to the Department of State, May 30, 1972 : 1-2 ; F.R.U.S, 1969–1976, Vol E–4, Documents on Iran and Iraq, 1969–1972, Doc (200), Tehran, May 30, 1972 : 1) ، ئەمەش بەمەبەستی دڵنیاکردنەوەی ئێران، کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە دڵسۆزی دەمێنێتەوە بۆ پارێزگاری و پاراستنی ئاسایش و سەقامگیریی ئێران لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە، بۆیە ئیدارەی ئەمریکا پێی وا بوو، کە هاوسەنگی هێز لە ناوچەکەدا لە مەترسیدایە و دەبێت پاڵپشتی و پشتیوانی زیاتری ئێران بکرێت : Stoddard, 1984) (5، لە هەمان کاتدا گرنگی ئەو سەردانەی نیکسۆن لەو ڕێککەوتنەدایە، کە لە نێوان عێراق و سۆڤیەتدا کرابوو(النداوي، 1987 : 17) .

هەر لە سەروبەندی سەردانەکەی نیکسۆن و هێنری کیسنجەر بۆ ئێران، ئیدارەی ئەمریکا زۆر مکوڕبوو لەسەر ئەوەی وەڵامی هەموو داواکارییەکانی شا بۆ چەک و کەرەستەی سەربازی بداتەوە، ئەویش وەک کاردانەوە بەرانبەر پەیماننامەی عێراق و سۆڤیەت ساڵی ١٩٧٢، هەروەها لایەنی ئەمریکی بە پێویستی زانی کەوا هێزەکانی ئێران لە هەموو دراوسێکانی بەهێزتر بێت(شريف، 2006 : 130 ؛ كوبال، 1983 : 79)، بۆیە ڕێککەوتننامەیەکی نهێنییان لەگەڵ شادا واژۆ کرد، بەپێی ڕێککەوتننامەکە، سەرۆکی ئەمریکا ڕێگەی بە ئێراندا لە دەستەبەرکردن و داواکردنی هەر جۆرە سیستەمێکی چەکدا سەرپشک بێت(المختار، 1999 : 44)، تەنیا چەکی ئەتۆمی نەبێت، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڕیاری دابوو، ئێران بکاتە خاوەن جبەخانەیەکی گەورە لە چەکی ئەمریکی، بۆ ئەوەی لە ناوچەکەدا پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بکات، لە هەمان کاتدا بڕیاری دا هەموو کۆتوبەند و قەدەغەکارییەک لەسەر داواکارییەکانی ئێران بۆ دەستکەوتنی چەک هەڵبگیرێت(الشحف، 2005 : 90 ؛ مهابة، 1989 : ١٠١ ؛ F.R.U.S, 1969–1976, Vol E–4, Iran and Iraq, 1969–1972, Doc 201, Memorandum of Conversation, (Mohammed Raza Pahlavi Shahanshah of Iran), The President, Henry A. Kissinger (Assistant to the President for National Security Affairs), Tehran, May 31, 1972 : 3))، واتە شا ڕەزامەندی لە نیکسۆن وەرگرت بۆ کڕینی هەر کەرەستەیەکی سەربازی کە ئێران پێویستی پێی بێت، جگە لە چەکی ئەتۆمی بۆ ئەوەی لەگەڵ بەرپرسیارێتی ستراتیژی گرنگی ناوچەکە لە بەرانبەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکادا بگونجێت(النداوي، 1987 : 17)، هەروەها دیاریکردنی بەرپرسیارێتی هاوبەشی نێوان ئەمریکا و ئێران سەبارەت بە بەرگریکردن لە ئاسایشی کەنداوی عەرەبی، بۆیە پڕچەک کردنی ئێران لەلایەن ئەمریکاوە لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا گەیشتە لوتکە(صالح، 2008 : 138) .

بڕیارەکەی نیکسۆن لە ئایاری ١٩٧٢ بۆ فرۆشتنی چەک بە ئێران کەوتە بواری جێ بەجێ کردن، جگە لە چەکی ئەتۆمی ئازادیی بە ئێران بەخشی، کە هەر چەکێک بیەوێت بکڕێت و بە شێوەیەکی کاریگەر لە پرۆسەکانی پێداچوونەوەی فرۆشتنی چەک بە وەزارەتی دەرەوە و بەرگری ئەمریکا بەخشرا، واتە ئەم بڕیارە بووە هۆی لەدەستدانی کۆنترۆڵی پرۆسەی کڕین و دروستکردنی چەک، ئەمەش گەنجینەیەکی گەورەی بۆ بەرهەمهێنەرانی چەک لە ئەمریکا و دەزگای هاوکاری ئاسایشی بەرگری و لقە خزمەتگوزارییەکانی ئەمریکا فەراهەمکرد(الشويلي، 2014 : 123)، بۆیە هەوڵە جددییەکانی شای ئێران بۆ دروستکردنی هێزێکی ئاسمانی بەهێز پێویستی بە ئەزموون و شارەزایی تەکنیکی پێویست بوو، بەم پێیەش ژمارەیەکی زۆر لە ئەندازیار و تەکنیکی سەربازی ئەمریکی و ڕاوێژکاری سەربازی و نا سەربازی ڕوویان لە ئێران کرد، کە لە ڕاستیدا لەلایەن سەرکردایەتییەوە پاڵیان پێوەنرا بۆ ئەوەی وەک بەشێک لە هێزی ئاسمانی ئێران کار بکەن، بۆیە ئێران بە تەواوی گۆڕا بۆ ناوچەیەک کە زیاتر لە داگیرگەیەکی ئەمریکی دەچوو(بوندارفسكي، د.ت : 74)، ئەمەش بە پشتبەستن بە "بنەماکانی نیکسۆن" بۆ ئەوەی ئێران بە پێی سیاسەتی ئەمریکا ڕۆڵی خۆی لە ناوچەکەدا بگێڕێت، لە جێبەجێکردنی ئەمەشدا فرۆشی چەکی ئەمریکا بە ئێران زیادی کرد و بەهاکەی لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٢-١٩٧٦) گەیشتە (١١,٦) ملیار دۆلار(بايسونز، 2010 : 72 ؛ The New York Times, No. 1306, January 6, 1977).

لەلایەکی دیکەوە پشکی بودجەی بەرگری ئێران بۆ ساڵانی (1971-1972) بۆ (1,023) ملیار دۆلار زیادی کردبوو(Acharya, 1989 : 29) هەروەها ئێران فڕۆکەی پێشکەوتووی جۆری (F-5)ی بەدەستهێنا، کە ئەمەریکا لە پێشووتردا هەرگیز هاوشێوەی ئەو فڕۆکەی بۆ هاوپەیمانەکانی لە (ناتۆ) دابین نەکردبوو. دواتر بۆ ئەوەی دامەزراوە ئێرانییەکان بتوانن ئەم چەکە سەردەمیانە لەخۆبگرن و کاری پێ بکەن، ئەوەبوو بەندەر عەباس فراوانکرا، بۆ ئەوەی ببێتە یەکێک لە گرنگترین بەندەرەکانی سەربازی لە ئاسیا، هەروەها فڕۆکەخانەی سەربازی پێشکەوتوو لە بوشەهر و جاسک دامەزران، جگە لە فراوانکردنی بنکەی دەریایی لە شاری موحەمەڕە(البياتي، 1985 : 266).

جێگای ئاماژەیە ئەو ڕێککەوتنە وەک یەکەمین ڕێککەوتننامە لە مێژووی پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دەوڵەتێکی ناپیشەسازی لێک درایەوە، کە لە سایەیدا دەوڵەتێکی نا پیشەسازی هەموو جۆرە چەکێکی ئەمریکی دەست بکەوێت(الطناحي، 2005 : 92).

هەرچەندە لایەنە پەیوەندیدارەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتیوانیان لە بڕیارەکەی سەرۆک نیکسۆن و هێنری کیسینجەری ڕاوێژکارەکەی نەکرد، هەروەک وەزارەتی بەرگری ئەمریکا بۆچوونی خۆی ئاشکرا کرد لەهەمبەر ئەوەی، کە ئەمریکا پابەند نەکات بە سیاسەتی (ڕێگەپێدانی ڕەها بۆ فرۆشتنی چەک بە ئێران)، بەڵام نیکسۆن و کیسینجەر ئەم ئامۆژگارییەیان پشتگوێ خست، چونکە پێیان وا بوو بەرزکردنەوەی نرخی کەرەستە و چەکی پێشکەوتووی ئەمریکا دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی خواستی ئێران بۆ کڕینی چەک(الربيعي، 2007 : 115) .

سەرەڕایی ئەوەی ئەمریکا دوو دڵ بوو لە ڕادەستکردنی فرۆکەی جۆری (F14) بە ئێران، ئەمەش بەمەبەستی شاردنەوەی نهێنی ئەو ئامێرە ئەلیکترۆنیانەی، کە لە پیشەسازی فڕۆکەکەدا بەکارهێنراون، بەڵام دوای سەردانەکەی نیکسۆن لە ساڵی پێشوودا بەخێرایی ڕادەستی ئێران کران(نجاتي، 2008 : 484 – 485) .

لە تەمموزی ١٩٧٢ ئەنجوومەنی ئاسایشی ئەمریکا بڕیارێکی مێژوویی دەرکرد، لەهەمبەر جیاکردنەوەی ڕێککەوتنە سەربازییەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئێران بەشێوەیەکی کردەیی لەژێر سەرپەرشتی وەزارەتەکانی بەرگری و دەرەوە، هەروەها بڕیاری دەستخستنی کەرەستەی سەربازی بۆ ویستی حکومەتی ئێران جێهێڵدرا، ئەمەش یارمەتیدەر بوو بۆ خێراکردنی ڕێککەوتنەکە لە نێوان هەردوولادا، هەروەها هیچ ناکۆکییەک لەسەر خاڵەکانی ڕێککەوتنەکە نەبوو، لە هەمان کاتدا خواستێکی هاوبەش لەگەڵ ئامادەییەکی تەواو هەبوو لەلایەن هەردوولاوە بۆ سەرخستنی ئەو گرێبەست و ڕێککەوتنانە (F.R.U.S, 1969–1976, Vol E–4, Iran and Iraq, 1969–1972, Doc 212, Memorandum From Harold Saunders of the National Security Council Staff to the Presidents Assistant of National Security Affairs (Kissinger), Washington, July 14, 1972 : 2)

جێگای ئاماژەیە شا لە ماوەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا بڕی (٢٠) ملیار دۆلاری بۆ هێزە چەکدارەکانی ئێران خەرج

کرد. ناوبراو لە گفتوگۆکانی لەگەڵ فەرماندەکانی هێزی دەریایی و فەرماندەکانی نزیک لە خۆی بە ڕوونی ئەوەی خستەڕوو، کە ئەرکی سەرەکی هێزە چەکدارەکانی ئێران مسۆگەرکردنی ڕۆیشتنی بێ پچڕانی نەوتە بۆ ئەمریکا و ئەوروپای ڕۆژئاوا و ژاپۆن. لە هەمان کاتدا ڕووبەڕووی هەر هەڕەشەیەک ببنەوە، ئەگەر کەشتییە نەوت هەڵگرەکانیان لەلایەن هێزە دەریاییەکانی یەکێتی سۆڤیەتەوە هێرشیان کرایە سەر(بوندارفسکی، د.ت : 83) .

هەر لە سایەی ئەو ڕێککەوتنامەیە، شای ئێران داوای لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد، کۆمەڵێک چەکی پێشکەوتووی پێ بفرۆشێت، لەوانە (٨٠) فڕۆکەی جۆری (F14) کە تێچووی کڕینەکەی (1,8) بلیۆن دۆلار بوو(McGlinchey, 2012 : 172)، دوای ئەوەی نیکسون بەشێوەیەکی سەرەتایی ڕەزامەندی لەسەر فرۆشتنی فڕۆکەی جۆری (F14) و (F15)ی بە شای ئێراندا(الشويلي، 2014 : 122)، بۆیە حکومەتی ئێران هەژدە مانگ پێش بڵاوبوونەوەی هەواڵی فرۆشتنی چەکی بەرفراوان لەلایەن ئەمریکاوە بە بەهای (٢,٥) ملیار دۆلار داواکاری بۆ کڕینی کەرەستەی سەربازی ئەمریکی پێشکەش کرد، دواتر لە 25ی شوباتی 1973 ئێران ڕایگەیاند کەوا بڕە پارەیەکی نەختینی داوە بۆ کڕینی هەشت کۆمەڵە لە فڕۆکەی بۆمبڕێژکراو و شەڕکەری جۆری فانتۆم (F4) لەگەڵ نزیکەی (١٤٤) فڕۆکەی دیکە، کە لە ماوەی سێ بۆ چوار ساڵی داهاتوودا ڕادەست دەکرێن، ئەمە جگە لە (١٤١) فڕۆکەی بۆمبڕێژکەری جۆری (F5)ی پێشکەوتوو، هەروەها نزیکەی (٤٨٩) هێلیکۆپتەر و کەرەستەی دیکە، پاشان ئێران ڕایگەیاند، کە پێداگری لەسەر داوای بەکارهێنانی چەند سەد کارمەندی دیکەی ئەمریکا بۆ کارکردن لە چەکە نوێیەکانی کردووە(رمضاني، 1984 : 388 ؛ حداد، 1974 : 31) .

جێگای ئاماژەیە ئێران هەر بەوەندە نەوەستا، بەڵکو چەندین جۆرە چەکی دیکەی پێشکەوتووی لە ئەمریکا کڕی، لەوانە (169) فڕۆکەی جەنگی جۆری نورسرۆپ (F5A)، کە نرخەکەی (480) ملیۆن دۆلار بوو، لەگەڵ کڕینی (209) فڕۆکەی جەنگی لە جۆری ماکدۆیل- دۆگلاس (F4) ڤانتۆم، کە نرخەکەی یەک بلیۆن دۆلار بوو، هەروەها (160) فڕۆکەی جەنگی لە جۆری جەنەڕاڵ دینامیکس (F16) کڕی کە نرخەکەی (٣,٢) بلیۆن دۆلار بوو : Chubin and Zabin, No Date) 257 ; (حداد، 1974 : 99). لەگەڵ کڕینی (7) فرۆکە ڕاداریەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لە جۆری (A3A) کە نرخەکەی (١,٢) بلیۆن دۆلار بوو، هەروەها کڕینی (202) هەلیکۆپتەری گواستنەوە لە جۆری (AH1J) کۆبرا بە بەهای (367) ملیۆن دۆلار(Chubin and Zabin, No date : 259) ، دواتریش (326) هەلیکۆپتەری گواستنەوەی سەربازی کڕی لە جۆری (مۆدیل-214) بە نرخی (496) ملیۆن دۆلار، کە ڕاداری بۆینگ ئەی هەبوو، هەروەها (25) هەزار ڕۆکێتی دژە تانکی لە جۆری تاو دراگۆن بە بەهای (150) ملیۆن دۆلار کڕی، لەگەڵ چوار وێرانکەری ڕۆکێتی قوڕس لە جۆری (DD963) سیروانس بە بەهای (١,٥) ملیۆن دۆلار، هەروەها لیستی کڕینی ئەو چەکانەی ئێران چەند پارچەی چەکی کەمبەهاتری لە خۆگرتبوو کە بەهایەکەیان بلیۆنان دۆلار بوو، وەک: فڕۆکەی گواستنەوە و زرێپۆشی گوازەرەوەی سەرباز و تۆپی جۆراوجۆر(كلير، 1980 : 276) .

دەکرێت بڵێین شای ئێران توانی ئەو چەکانە بەدەست بهێنێت، کە بەردەوام هیوای بۆ دەخواستن، بەم جۆرە بە کڕینی ئەم چەک و کەرەستە جەنگییانە بووە یەکێک لە دەوڵەتە بەهێزەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست .

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ زیاتر دڵنیاکردنەوەی ئێران، لە ٦ی حوزەیرانی ١٩٧٤دا لە ڕێگەی جەیمس شپیلینگەری وەزیری بەرگری ئەمریکا نامەیەکی بۆ حکومەتی ئێران نارد، سەبارەت بە مەرجەکانی پارەدان و کڕێی کڕینی فڕۆکەی (F14) لەلایەن ئێرانەوە، کە لە بەشێکی نامەکەدا هاتووە "ئێمە تێ دەگەین کە ئێوە فڕۆکەی (F14) لەسەر هەمان بنەما دەکڕن، وەک ئەوەی ئێمە بن کە دەیکڕین"(كلير، 1980 : 276) ، بۆیە شا لە سەردانەکەی 24ی تەمووزی هەمان ساڵدا بۆ ئەمریکا ئەوەی بۆ شپیلینگەری وەزیری بەرگری ئەمریکا ڕوونکردەوە، کە پێویستە ئێران بەردەوام بێت لە ڕۆڵی خۆی لە ناوچەکەدا و ئەولەویەت بدات بە کۆکردنەوەی چەک بەتایبەتی هێزی ئاسمانی، بۆ ئەوەی بتوانێت لە سنوورەوە بۆ سنوور بەرپەچی هێرشەکان بداتەوە، لە هەمان کاتدا وڵاتەکەی پێویستی بە هێزێکی ئاسمانی هەیە، تاوەکو لەکاتی هێرشی هێزە عێراقییەکان بتوانێت لەناویان بەرێت، بۆیە شپیلینگەری ئاماژەی بەوەدا کە وەزارەتی بەرگری ئامادەیە هاوکاری تەکنیکی پێشکەش بە ئێران بکات، لەوانەش مەشقپێکردنی فڕۆکەوانە ئێرانییەکان،

جا چ فرۆکەوانی سەربازی یاخود مەدەنی بێت، هەروەها ڕازیبوون بە فرۆشتنی فڕۆکەی جۆری (F14) و (F15) بە ئێران

(F.RU.S, 1969-1976, Vol XXVII, Iran ; Iraq, 1973-1976, Doc 26. Memorandum of Conversation 1, The Shah, Ambassador Ardeshir Zahedi, Secretary of DefenseJames R. Schlesinger, Deputy Secretary of Defense-William P. Clements, Chairman, Jont Chiefs of Staff-A dmiral Thomas H. Moorer, Assistant Secretary of Defense (SA- Robert C. Hiil,Chief, ARMISHIMAAG Iran, Major General Brett, USAF State, Aabassador Richard Helms, U.S. Ambassador to Iran, Washington, July .24, 1973 : 88)

### 5- بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و کاریگەری لەسەر خۆپڕچەککردنی ئێران .

لەلایەکی دیکە هەندێک پاڵنەری دیکەش هەبوون و بوونە یارمەتیدەری شای ئێران، کە بتوانێت لە بەرنامەی پڕچەککردنی ئێرانیدا هەنگاوی باش هەڵێنێت و پێش بکەوێت، لەوانە: زیاتربوونی داهاتی نەوتییانەی ئێران بە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتەوە لەو کاتەی قەیرانی جیهانی وزە لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٣ – ١٩٧٤) سەری هەڵدا (Daneshkhu, No. Date : 26) .

ئەم پێشهاتانە هاوکات بوو لەگەڵ دەستپێکی بەرزبوونەوەی خواستی جیهانی بۆ نەوت، کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٣دا بەدیارکەوت، ئەویش لە ئەنجامی کەمبوونەوەی ڕێژەی هەناردەی نەوت بۆ بازاڕەکانی جیهان بەهۆی بایکۆتی کردنی وڵاتانی عەرەبی، کە لە ئەنجامی شەڕی تشرینی یەکەمی ١٩٧٣دا هاتە ئاراوە(عجمي و العكيلي، 2019 : 333 ؛ هوليداي، 1975 : 34 – 35)، بەڵام ئێران بەشداری لە گەمارۆی نەوتی عەرەبی نەکرد(Ziarati, 1989 : 94)، ئەمەش زیاتر یارمەتی چەکدارکردنی ئێرانیدا لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا، کە لە ئەنجامدا سامانە نەوتییەکانی بە شێوەیەکی بەرفراوان گەشەسەندنی بەخۆیەوە دی، لە هەمان کاتدا ئەم سەروەت و سامانانە تا ڕادەیەک زۆر دەسەڵاتی سیاسی ئێرانی بەهێز کرد، بەشێوەیەک وا بەدیار کەوت، کە وڵاتێکە بە داهاتە نەوتییەکانی بتوانێت پێگە و شکۆمەندی داهاتووی خۆی دەستەبەر بکاتەوە، بۆیە زۆربەی هەرە زۆری ئەو داهاتەی بۆ زیادکردنی هێزی سەربازی ئێران بەکارهێنران(روبرت جي . برانجر . وديل آر . تاهتينن، 1980 : 11). هەر لەوکاتەدا ئەوە ڕوون بووەوە، کە نەوت تەنها سەرچاوەیەکی دارایی نییە، بەڵکو خۆیی لە خۆیدا چەکێکی بەهێزە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی، کە دەکرێت وەک چەکێکی بەهێزو کاریگەر بۆ پەرەپێدانی ئابوورییەکی بەهێز بەکاربهێنرێت(Amirsadeghi, 1978 : 227). شای ئێران توانی بەشێوەیەک ئیستغلالی ئەو پێشهاتە لە بەرژەوەندی وڵاتەکەی بکات، کە کۆمپانیاکان کاریان لەگەڵدا کرد بۆ زیادکردنی بەرهەمی نەوتی ئێران بەمەبەستی قەرەبووکردنەوەی ئەو کەمییەی کە لە بازاڕەکانی نەوتی جیهانیدا ڕوودەدات(عجمي و العكيلي، 2019 : 333) .

جێگای ئاماژەیە هەر بەهۆی جەنگی عەرەب – ئیسرائیل لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٣وە قەرزەکانی ئێران لە دوای فێستیڤاڵی پرسیپۆلیس سێ ملیار دۆلار بوو، بەڵام تا کۆتایی ساڵی ١٩٧٣، ئێران توانی ڕێژەیەکی زۆری قەرزەکانی بداتەوەو تەنانەت بوو بە وڵاتێکی قەرزدەر، بەجۆرێک وڵاتێکی وەک بەریتانیا دڵخۆش بوو بەوەی قەرزی لێ بکەن، بۆیە دەرئەنجامی شەڕی تشرینی یەکەمی ١٩٧٣ هۆکاری پشت ئەم گۆڕانکارییە بوو(هيكل، 2002 : 129 – 130 ؛ جراهام، 1983 : 40). کاتێک لە کانوونی یەکەمی ١٩٧٣ ڕێکخراوی ئۆپێک لە تاران بڕیاری بەرزکردنەوەی نرخی نەوتیدا، بەمەش نرخی نەوت بۆ چوار هێندەی نرخی خۆی بەرزبۆوە. بەجۆرێک نرخی بەرمیلێک نەوت لە (٣,٠١) دۆلارەوە بەرزبۆوە (٥,١٢) دۆلار. دواتر جارێکی دیکە ئەو نرخە بەرزتر بووەوە و گەیشتە (١١,٦٥) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک (ÜZMEZ, 2010 : 16)، لەبەرئەوەی ئەم زیادبوونە بووە هۆی زیادبوونی یەدەگی ئێران بەو مانایەی کە داهاتی ساڵانەی نەوتی ئێران لە ماوەی یەک ساڵدا زیاتر لە چوار هێندە زیادی کرد. لە (4,4) ملیار دۆلار لە ساڵی 1973 بۆ (17,8) ملیار دۆلار لە ساڵی ١٩٧٤(Alvandi, 2010 : 200) ، هەروەها ئەزموونی شا لە کاروباری چەکدا یەکێک بوو، لەو پاڵنەرانەی، کە ئەرکی کڕین و فرۆشتنی جۆرەها چەکی لە نێوان ئێران و ویلایەتە ەکگرتووەکانی ئەمریکا ئاسانتر کرد، چونکە شا بەشێکی زۆری کاتەکانی بە لێکۆڵینەوە لە کەتەلۆکەکانی ئەم چەکانە تەرخان کردبوو. لە هەمان کاتدا گۆڤارەکانی تایبەت

بە کاروباری چەکی ئاسمانی و دەریایی زۆر دەخوێنێتەوە، بۆیە لە بابەتی چەک بە تایبەت لە بابەتی فڕۆکە و مووشەک و لە بابەتی کەشتی جەنگی و ژێردەریاییدا شارەزایەکی باشی پەیدا کرد بوو(شولزینگر، 1385 : 542-543 ؛ ماردیني، 1986 : 30-31).

دواتر ئەو بەرزبوونە زۆرەی نرخی نەوت لە کۆتاییەکانی ساڵی 1973دا پاڵنەرێکی سەرەکی بوو بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی فرۆشی چەکی ئەمەریکا بۆ ئێران، بەتایبەتی فرۆشتنی فڕۆکەکانی جۆری (F14) و (F15)، بەڵام بە نرخێکی کێبڕکێکار کە جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو لەگەڵ نرخی فرۆشتن بۆ هێزە چەکدارەکانی ئەمریکا، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونی خواستی حکومەتی ئەمریکا بوو بۆ زیاتر پڕچەککردنی سوپای ئێران، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو ڕۆڵە نوێیە بگێڕێت، کە مەبەستیەتی ئەنجامی بدات(الشویلي، 2014 : 126).

جێگای ئاماژەیە ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا و ژاپۆن درکیان بە پێویست بوونی خۆیان بۆ نەوتی کەنداوی عەرەبی کرد، ئەمەش وای لێ کردن، کە لە ڕووی سیاسییەوە ڕوو لە وڵاتانی عەرەبی بکەن و لە ئیسرائیل دوور بکەونەوە، بەتایبەتی لە دوای شەڕی عەرەب و ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٧٣ (هولیداي، 1975 : 133).

هەوڵەکانی شا بۆ پڕچەککردنی ئێران دوای کۆتایی هاتنی شەڕەکە زۆر زیادی کرد، بەو پێیەی ئێران سیستەمێکی چاودێری ئەلیکترۆنی پێشکەوتووی لە ئەمریکا بە بڕی (850) ملیۆن دۆلار دەستەبەر کرد، بەم هەنگاوەش ئێران توانی چاودێری و گوێگرتن لە پەیوەندییەکانی وڵاتانی دراوسێی بکات، لە نێویاندا ناوچە هەستیارە سیاسی و هەواڵگرییەکان، کە دەکەوێتە باشووری یەکێتی سۆڤیەت، کە شوێنی تاقیکردنەوەی مووشەک و پەرەپێدانی چەک لەخۆدەگرێت، بۆیە ئێران دوای شەڕی تشرینی یەکەمی ١٩٧٣ توانی گەورەترین جبەخانەی سەربازی لە تەواوی جیهانی سێیەمدا دروست بکات(مقلد، 1984 : 36) .

لەلایەکی دیکە ئەو گرژییەی کە لە ئەنجامی ئەو شەڕی تشرینی یەکەم لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا سەری هەڵدا، پاڵی بە ئێرانەوە نا لە پێناو پڕچەک کردنی هێزە چەکدارەکانی بە چەکی هاوچەرخ، بۆیە لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا، ئەنجومەنی پیرانی ئێران بە کۆی دەنگ تەرخانکردنی بڕی یەک ملیار دۆلاری پەسەند کرد، بۆ ئەوەی ئێران بتوانێت چەکی قورس بۆ بەهێزکردنی هێزە چەکدارەکانی دەستەبەر بکات، بە مەبەستی پاراستنی "ئاسایش و سەلامەتی کەنداو"، لە هەمان کاتدا حکومەتی ئێران لەگەڵ حکومەتی ئەمریکا ڕێککەوت بۆ کڕینی (20) فڕۆکەی جەنگی پێشکەوتوو لە جۆری (F-14) (الخزاعي، 2007 : 117-118) .

لە ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٣ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا باڵیۆزخانەی وڵاتەکەی لە تاران لە پێشنیارێکی هێزی ئاسمانی ئەمریکا بۆ دروستکردنی وێستگەیەکی هاوبەشی فڕۆکەوانی لە تاران ئاگادار کردەوە، کە پەیوەندی زەمینی و ئاسمانی لە نێوان کارمەندانی سەربازی و دامەزراوە سەربازییەکان دابین دەکات، هەروەها چاودێری جووڵەی فڕۆکە سەربازییەکانیش دەکات، جگە لەمەش ئەو فڕۆکانەی کە بەرپرسانی باڵای حکومەت هەڵدەگرن سەلامەت دەبن، لەبەرانبەردا شای ئێران ڕەزامەندی دەربڕی بۆئەوەی ئەم وێستگەیە دابمەزرێت (F.RU.S, 1969-1976, Vol XXVI, Iran ; Iraq, 1973-1976, Doc (37). Editorial Note : 143) .

دەکرێ بڵێین پاڵنەرەکانی ئێران بۆ زیادکردنی جبەخانەی سەربازیی لەو کاتدا، بۆ سەرکوتکردنی یاخیبوونی ناوخۆیی بوو لە ترسی ئەنجامدانی کودەتا کە ڕەنگە تەختی شا برووخێنێت، بە تایبەت کە ئێران وڵاتێکە دراوسێی یەکێتی سۆڤیەت، کە پشتیوانی لە پارتی تودە و بەشێک لەلایەنە چەپەکان دەکرد، هەروەها دوژمنایەتی لەگەڵ بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی هەبوو لەو سەردەمەدا، بە تایبەت کێشەی سنووری لەگەڵ عێراق و زیادبوونی توانای سەربازییەکانی عێراق لەلایەن لە سۆڤیەتەوە، لەلایەکی دیکەوە ئێران هاوپەیمانی ئەمریکا بوو، بۆیە ترسی لە فراوانبوونی سۆڤیەت هەبوو لە ناوچەکە بەتایبەتی لە ناوچەی کەنداوی عەرەبی .

### ٦- گرنگترین جۆری چەک و گرێبەستەکان .

هاتنی ساڵی 1974 هێزی ئاسمانی ئێران زیاتر لە (300) فڕۆکەی جەنگی دروستکراوی ئەمریکای هەبوو، هەروەها (٨) فڕۆکەی جەنگی لە جۆری (F14) لەگەڵ (٢٢٥) فڕۆکەی فانتۆم. لێرەدا دەتوانرێت ئاماژە بەوە بکرێت، کە بڕیاری بەریتانیا

بۆ کشانەوەی هێزەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ساڵی ١٩٦٨، و شەڕی شەش ڕۆژەی عەرەب و ئیسرائیل لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٣دا وای لە شای ئێران کرد، کە کڕینی فڕۆکەی جۆری (F14) خێراتر بکات، هەروەها لە ماوەی (١٩٧٤ – ١٩٧٥) ئێران بەبڕی (١٠,٤) ملیار دولار چەک و کەرەستەی سەربازی هەمە جۆری لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کڕی(الشويلي، 2014 : 127 ؛ حداد، 1977 : 80)، لەگەڵ دابینکردنی دەستەی تایبەت بە مەشقی فڕۆکەوانان و تاقمە زەمینییەکەی بۆ فێربوون و چۆنییەتی کارکردن و لێخوڕینی ئەو فڕۆکانەش کە نزیکەی (١٠) ساڵی خایاند(بولاک، 2005 : 168) .

لە 10ی کانوونی دووەمی 1974، ئێران گرێبەستێکی بۆ کڕینی (30) فڕۆکەی جۆری (F14A Tomact) لەگەڵ ئەمریکا واژۆ کرد، ئەمەش دوای ئەوەی سەرۆک نیکسۆن گرێبەستەکەی پەسەند کرد، ئەم فڕۆکانەش لە باشترین و پێشکەتووترین جۆری فڕۆکە سەربازییەکانی جیهان دادەنران لەو سەردەمەدا. جێگای ئاماژەیە نرخی هەر فڕۆکەیەک تێچووی (30) ملیۆن دۆلار بوو(الكبيسي، 1983 : 58–59)، کە لەلایەن (کۆمپانیای گرومان) دروست کرابوون، بەهای گرێبەستەکەش لەگەڵ پارچەی یەدەگەوە (900) ملیۆن دۆلار بوو(حداد، 1974 : 99)، بەپێی گرێبەستەکە دەبوایە (24) فڕۆکە لە ساڵی ١٩٧٦ ڕادەستی ئێران بکرێت، لەکاتێکدا (٦) فڕۆکەکەی دیکە لە ساڵی ١٩٧٧دا ڕادەست بکرێت(الكبيسي، 1983 : 58–59). لە هەمان کاتدا شا ئارەزووی کڕینی فڕۆکەی لە جۆرەکانی (B1) و (F16) و (F17) دەربڕی، هەروەها ئێران ئارەزووی دروستکردنی پیشەسازی فڕۆکەی تایبەت بەخۆیی هەبوو، لە کاتێکدا کە حکومەتی ئێران کاروانێکیی چەکی ئەمریکای وەرگرتبوو، سەرەڕای ئەمەش کارگەی فڕۆکە لە شاری میهرئاباد بە بەشداریی کۆمەڵەی (Northropn Carporation)، کە پیشەسازی فڕۆکەی ئەمریکییە دامەزران، بە ئامانجی هێنانی تەکنیککار و پسپۆڕ بۆ کارگەکانی ئێران. لە هەمان کاتدا مەشق بە کرێکارانی ئێرانی دەکات، کرێکارانی ئێرانی ڕاهێنانیان پێ دەکرێت و ئەم کارگانەش فڕۆکەی سەربازی و مەدەنی نۆژەن دەکەنەوە(الكبيسي، 1983 : 59) .

جێگای ئاماژەیە لە ساڵی ١٩٧٤دا بەرزترین و گرانترین گرێبەستی چەک لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە ئەنجامدرا، بە مەبەستی کڕینی (٨٠) فڕۆکەی جۆری (F14 Tomact) بە بەهای (٢,٣) ملیار دۆلار، ئەم فڕۆکە تازەیە دروستکراوی کۆمپانیای گرومان بوو، کە ئەوکاتە پێشکەوتووترین فڕۆکەی جەنگی بوو لە جیهاندا. تەنانەت سوپای ئەمریکا تازە داوای ئەم جۆرە فڕۆکەیەی کردبوو، هەروەها بڕیار بوو، هەموو ئەم فڕۆکانە تاکو حوزەیرانی ١٩٧٧ ڕادەستی ئێران بکرێن(ازغندی، 1388 : 342) .

لەلایەکی دیکە ئەو پێشکەوتن و گەشەکردنی پەیوەندیی سەربازییانەی نێوان ئەمریکا و ئێران، مەسەلەیەکی سروشتی بوو، چونکە شای ئێران بە ڕای نیکسۆنی سەرۆکی ئەمریکا لە بەدیهێنانی ئاشتییەک لەسەر ئاستی جیهانیدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت، چونکە ئەڵقەی بە یەکتری بەستنەوەی نێوان ڕۆژهەڵات و خۆرئاوایە(العقاد، 1973 : 117) .

جێگای ئاماژەیە ئەو بڕیارەی کە درا بۆ دابینکردنی فڕۆکەی جۆری (F14) بە ئێران بە سیستەمی مووشەکی پێشکەوتووی فۆینکس (Phoenix)، لە کاتێکدا بوو، کە هێزی دەریایی ئەمریکا خۆی پشکی تەواوی خۆی لەم فڕۆکە جەنگییە پێشکەوتووانە وەرنەگرتبوو(ناجي و مراد، 1986 : 12 ؛ الكونغرس الامريكي، 1981 : 488).

لەلایەکی دیکە هەر لە ساڵی ١٩٧٤دا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر فرۆشتنی کەشتی وێرانکەری قورس لە جۆری سپروانس (Spruance) بە ئێران بە بەهای (١,٤٦٦,٥) ملیۆن دۆلار، بۆ ئەوەی لە بنکەی شابەهار جێگیر بکرێن، کە بنکەیەکی نوێ بوو کۆمپانیاکانی بیناسازی ئەمریکا لە کەناری ئێران دروستیان کرد، کە دەیڕوانیە زەریای هیندی، هەروەها بڕیار بوو ئێران لە نێوان ساڵانی 1979 تا 1981ی ئەم کەشتییە تێکدەرانە وەربگرێت. لە هەمان کاتدا ئێران (6) فڕۆکەی سیخوڕی دەریایی جۆری ( Forion 3 – P ) بە تێچووی (98) ملیۆن دۆلار کڕی، بەخاوەندارێتی ئەم فڕۆکانە توانای سیخوڕی دەریایی ئێران لە دەوروبەری کەنداوی عەرەبی بەهێزتر کرد، هەروەها تواناکانی جەنگی دژە ژێردەرياييەکانی بەرز کردەوە(ناجي و مراد، 1986 : 14) .

ئەو کۆمپانیا ئەمریکییانەی فڕۆکە و ئامێری ئەلیکترۆنی و کەرەستەی دیکەی سەربازییان دروست دەکرد، لە سەردەمی جەنگی ڤێتنامیدا پێشکەوتنێکی مەزنیان بەخۆیانەوە بینی بوو. ڕۆڵێکی گەورەیان لە هاندانی شای ئێراندا هەبوو، بەو

ئاڕاستەیە هەنگاوی زیاتر هەڵێنێت. نەک هەر ئەمە، بەڵکو شای ئێران وەک بریکار و بەکرێگیراوێکی نوێ و پێداگر بەرزکردەوە، کە بەردەوام سووربوو لەسەر کڕینی چەک و کەرەستەکان و زۆر دەست بڵاوانەش نرخی پێیان دەدا(هیکل، 2002 : 136 - 137) .

ئیدارەی ئەمریکا ڕۆڵێکی گرنگی لە گوشار خستنە سەر شای ئێران بۆ کڕینی چەکی ئەمریکی گێڕا، ئەمەش بۆ دڵنیابوونەوە بوو لەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەو لایەنە بێت، کە ئەو ڕێژە زۆرەی دۆلار وەربگرێتەوە، کە لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت دەیدا بە ئێران، نەوەکو هاوپەیمانە ئەوروپییەکانی، هەر ئەمەش بوو وای کرد ڕێژە و ئاستی کڕینی چەکی ئەمریکی لەلایەن ئێرانەوە بەرز و بەرزتر بێتەوە(حداد، 1977 : 80-81) .

بەم جۆرە هاتنی چەکی ئەمریکی بەرەو ئێران بەردەوام بوو، شای ئێرانیش ئەگەر بەهۆی نەوتی وڵاتەکەیەوە دۆلارێکی دەست بکەوتبایە، دەبووایە لە بەرانبەردا دوو دۆلار نرخی کڕینی کەرەستە سەربازییەکانی بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بدات(مهابة، 1989 : 84)، هەر بۆ نموونە، هەر لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٢ – ١٩٧٧)دا ئێران بە بەهای زیاتر لە (16) بلیۆن دۆلاری بە چەکی ئەمریکی داوە، لە هەمان کاتیشدا شای ئێران چەک و کەرەستەی سەربازیی لە یەکێتی سۆڤیەت و ئەوروپاش دەکڕی(بولاک، 2005 : 168) .

بە هاتنی ساڵی ١٩٧٥، ڕادەستکردنی چەک بە ئێران بەپێی ئەو پەیمانە سەربازیانەی کە لە ساڵی ١٩٧١دا لەسەری ڕێککەوتبوون تەواو بوو، ئێران جگە لەو فڕۆکە شەڕکەرانەی کە پێشتر بەدەستی هێنابوو، (١٣٥) فڕۆکەی شەڕکەری (F5) فانتۆمی دەستکەوت بۆ بەکارهێنان، هەروەها شا لە تەمموزی ١٩٧٦دا داوای (١٥٠) فڕۆکەی جەنگی (F16) ی کرد(آل سعود، 2006 : 98 ؛ F.RU.S, 1969-1976, Vol XXVII, Iran, Iraq, 1973-1976, Doc 179. Action, Memorandum From the Assistant Secretary of State for Near Eastern and South Asian, Affairs (Atherton) to Secretary of State Kissinger, Washington, July 29, 1976 : 532).

شای ئێران لە بیرەوەرییەکانیدا هێزی ڕاستەقینەی سوپای ئێرانی بڵاو کردۆتەوە، لە هێزی ئاسمانیدا سوپاکەی (48) مووشەکی (F14) فۆینیکسی لەخۆگرتبوو، کە مەودای (90) میل بوو، کە بە ڕادارێک تەیارکرابوو، کە مەوداکەی (150) میل بوو، هەروەها لەیەک کاتدا توانای هەڵدانی شەش مووشەکی هەبوو بۆ شەش ئامانجی جیاواز، لەگەڵ (250) فانتۆمی پێشکەوتوو بە بۆمب تەیارکراو، کە بە تیشکی لەیزەر دەتەقێنران، کە لەگەڵ سندوقێکی ڕەش بۆ بەلارێدابردنی مووشەکەکانی دوژمن، هەروەها (120) فڕۆکەی جۆری (F15)، و (106) فڕۆکەی جۆری (F16)، و (7 ) فڕۆکەی جۆری ئەواکس (AWACS) – کە فڕۆکەی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە کە لە توانایدا بوو (٣٥) هەزار پێ بەرز بێتەوە. لەگەڵ (24) فڕۆکەی جۆری بۆینگ (Boeing 747) و (770) فڕۆکەی دیکەی پێشکەوتوو هەیە، کە توانای پڕکردنەوەی سووتەمەنییان هەبوو لەگەڵ مانەوەیان بۆ ماوەیەکی زۆر لە ئاسماندا، هەروەها کارگە سەربازییەکانی ئێران کاریان لەسەر بەرهەمهێنانی مووشەکی جۆری سام (7)ی ڕووسی و مافریکی ئەمریکی بە مەودای (12) میل بوو کرد(جانو، 1987 : 225 ؛ (McGlinchey, 2012 : 187) .

لە ساڵی 1974 ئێران (82) تانکی ئەمریکی جۆری (M60) عەیار (١٠٥) ملم بەدەستهێنا، لەگەڵ (400) تانک، کە بە تۆپی عەیار (60) ملم (M47) جێگیر کرابوو(الربيعي، 2007 : 117 ؛ (AZAD, 2017 : 86) ).

لە کۆتایی ساڵی 1974 ئێران بووە خاوەنی هێزێکی گرنگی سەربازی. ژمارەی هێزە چەکدارەکانی گەیشتە (٣٣٨) هەزار، لە نێویاندا کە (175) هەزار کەسیان لە هێزی زەمینی بوون، (113) هەزار لە هێزی دەریایی و (50) هەزار کەسیان لە هێزی ئاسمانی، جگە لەو سیستەمە سەربازییانەی کە خاوەنی فڕۆکەی جەنگی و تۆپهاوێژ و بەلەمی پاسەوانیش بوون، کە ژمارەیان (٧٠) هەزار کەسی مەشق پێکراو بوو. لە هەمان ساڵدا (١٧٦) فڕۆکەوان و (٦٢٢) تەکنیکاری هێزی ئاسمانی ئێرانی لە ئەمریکا ڕاهێنانیان پێ کرا. لەلایەکی دیکە ئێرانییەکان مەشق و ڕاهێنانیان لە ئیسرائیلیش وەرگرت، هەروەها بەریتانیەکانیش بەشدارییان لە دروستکردنی هێزی سەربازی ئێراندا کرد، کە نزیکەی (٢٠٠) پسپۆڕی هێزی سەربازی بەریتانیا هەبوون(الكبيسي، 1983 : 61-63).

جێگای ئاماژەیە شا بۆ پەرەپێدانی بەرنامەی سەربازی ئێران بە ئاڕاستەیەکی دیکەدا کاریکرد. لە هەمان کاتدا کاری بۆ مۆدێرن کردنی سوپای ئێران کرد. ژمارەی هێزە چەکدارەکانی زیاتر کرد، بە جۆرێک لە ساڵی ١٩٧١ تەنها (225) هەزار

سەربازی هەبوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٥ ئەم ژمارەیە بۆ (385) هەزار سەرباز زیادی کرد. لە 60%ی بودجەی گشتی بۆ سوپا و کڕینی چەک تەرخان کرد(AZAD, 2017 : 85) .

دەکرێت بڵێین بە مۆدرێرن کردن و زیادبوونی بەرچاوی ژمارەی سەربازانی سوپای ئێران لەلایەن شاوە، بە مەبەستی دەست گرتن بەسەر کەنداوی عەرەبی و گێڕانەوەی شکۆی ئیمپڕۆتۆریەتی کۆنی فارس، بۆیە زۆرێک لە ئەفسەر و سەربازانی سوپاکەی بە مەبەستی مەشق و ڕاهێنان بۆ شێوازی شەڕی هاوچەرخ ڕەوانەی دەرەوەی وڵات کرابوون، کە ئەمەش بووە هۆی مۆدێرنکردنی هێزە چەکدارەکانی ئێران لەم قۆناغەدا .

لەلایەکی دیکە پەیوەندییە بەهێزەکەی ئەمریکا و ئێران پاڵنەرێک بوو، بۆئەوەی ئەمریکا کەسانی شارەزا و لێهاتووی بنێرێتە ئێران، سەرجەمیشیان پسپۆڕی سەربازیی بوون و هەر هەمووشیان سەر بە سوپای ئەمریکا بوون ، کاریان ڕێکخستن و مەشقکردن بە سوپا و کردنەوەی خول بۆ ئەفسەرانی ئێرانی بوو (آل ثاني، 2000 : 269) .

لە درێژەی تەواوکردن و تۆکمەترکردنی هاوکارییە سەربازییەکانی نێوان دوو وڵات، نوێنەرانی باڵای سوپای ئێران کە بە (IIA) ناسراوە، هەروەها دامەزراوەی ئامادەکردنی فیدراڵی و بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە بە (FPA) ناسراوە، هەڵسان بە ئەنجامدان و بەڕێوەچوونی زنجیرەیەک ئاڵوگۆڕی شارەزاکان لە ڕێگەی بەرنامەی هاوکاری هاوبەشی نێوان هێزە چەکدارەکانی ئێران و دامەزراوەی ئامادەکاری فیدراڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە ئامانجی دابینکردنی هاوکاری تەکنیکی و ڕاوێژکاری بۆ هێزە چەکدارەکانی ئێران، ئەمە جگە لە ڕێکخستنی لایەنەکانی ژیانی مەدەنی لە بواری ئامادەکاری و ئامادەبوون بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەوشە نائاسایی و کارەساتەکان (U.S. treaties and other international agreements memorandum of under standing btween the gernment of the United State of American general services administration, 3032 – 3037) .

لەلایەکی دیکەوە یادداشتنامەیەی (FPA) ئەو خزمەتگوزارییانەی دیاری کردبوو، کە نیازی وا بوو پێشکەشیان بکات، لەوانە دامەزراندنی (30) فەرمانبەر، کە هەموو شارەزایی و کارامەیی و لێهاتوویییان لەم بوارانە تێدا بێت، لەوانە: کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی و پەیوەندیی حکومی و کاروبارەکانی ڕزگارکردن لە کاتی ڕوودانی کارەسات و بەرگریی مەدەنی (U.S. treaties and other international agreements memorandum of under standing btween the gernment of the United State of American general services administration, 3033 – 3034) .

بە پێی ئەم یادداشتنامەیە، تێچووی ئەو یارمەتییە تەکنیکییانەی بڕیار بوو پێشکەشی ئێران بکرێت، هەر وەک چۆن لەگەڵ (IIA) گفتوگۆی لەسەر کرابوو، نزیکەی (171,384,80) دۆلار بوو، لە ماوەی شەش مانگدا و بەم جۆرە دابەش کرا: (83) هەزار دۆلار مووچە بوو، هەروەها لە بواری گواستنەوەشدا (لە دەرەوە بۆ ئێران) نزیکەی (20) هەزار دۆلار بوو، لەگەڵ (٤٩,٥٠٠) دۆلار بۆ تێچووەکانی خستنەڕوو بوو، (١٥) هەزار دۆلاریش بۆ ئامادەکارییە پێشوەختەکان بوو، لەگەڵ (٣,٨٨٤,٨٠) خەرجیی دیکە بوو(وهيب، 2010 : 256) .

لێرەدا ڕوون دەبێتەوە کە بۆ جێبەجێکردنی ئەو خزمەتگوزارییانەی پەیوەندییان بە بەرنامەی تەکنیکی ڕاوێژکارییەوە هەیە، کە گریمانە دەکرا لەلایەن دامەزراوەی ئامادەکاریی (FPA ) جێبەجێ بکرێت و لایەنی تایبەت بە سەرکردایەتی سوپای ئێرانی دەیگرتە ئەستۆ و تێچووەکانی گواستنەوە و خەرجییەکانی دیکەی تایبەت بە جێبەجێکردنی ئەو خزمەتگوزارییانە لەخۆدەگرت، ڕێککەوتن لەسەر ئەو خەرجییانە کراوە، ئەو قەرەبووکردنەوە مەدەنییەش لەخۆ دەگرێت، کە فەرمانبەرانی وەبەرهێنەر و تێچوو یان ئەو کرێیانەی بۆ فەرمانبەرانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خەرج دەکرێن و ملکەچی هەمان ئەو یاسا و لیستە ڕێکوپێک و دیاریکراوانەی خەرجی و تێچوو دەبوون، کە خەرجییەکانی سەفەر و جێ گۆڕکێکردنی لە ئێرانەوە بۆ دەرەوە و لە دەرەوە بۆ نێو ئێران دەگرتەوە (U.S. treaties and other international agreements memorandum of under standing btween the gernment of the United State of American general services administration, 3034) .

دواتر ڕێککەوتن لەسەر ئەوەشکرا دامەزراوەی سەربازیی ئەمریکا، کار بۆ دەستەبەرکردنی ئەو خزمەتگوزارییە خۆجێیانە بکات، لەمەشدا بە پێی پێویست دەرفەتی جێبەجێکردنی ئەو خزمەتگوزارییانە لەلایەن ئەو فەرمانبەرانە

دەرەخسێنێت، کە لەپێناو جێبەجێکردنی ئەرکەکانی نێو بەرنامەی خزمەتگوزارییە تەکنیکییە وەبەرهێنەرەکان و دەستەبەرکردنی گشت نووسینگە کارگێڕییەکان و کارئاسانییەکانی دیکەی وەک نووسینگەکانی سکرتێری و ژمێریای و وەرگێڕان و کۆی نووسینگە یارمەتیدەرە خۆجێییەکان و دەستەبەرکردنی ئامرازە فەرمییەکانی گواستنەوە و بەدەستهێنانی گشت ڕێگەپێدان و لارینەبوونە پێویستە خۆجییەکان لەگەڵ دەستەبەرکردنی گشت جۆرەکانی پاڵپشتیی لۆجیستیی دیکە خراوتە ئەستۆیان (U.S. treaties and other international agreements memorandum of under standing btween the gernment of the United State of American general services administration, 3036).

بەو مەرجەی کارکردن بە ڕێککەوتنەکە لە ڕێکەوتی واژۆکردنی کارا بکرێت، کارکردنیش پێی تا 30ی کانوونی یەکەمی 1976 بەرکار دەبێت، لەوانەشە سەر لە نوێ کاری پێ بکرێتەوە یان هەموار بکرێتەوە، ئەمەش بەپێی ڕەزامەندیی هاوبەشی نێوان هەردوو لا دەبێت، کۆتایی هێنانیش بە کارکردن و بەرکاربوونی یادداشتننامەکە لەلایەن ئەو دوو لایەنەوە دەبێت و لە ماوەی (60) ڕۆژ لە ڕێکەوتی ئاگادارکردنەوەی نووسراوەوە سەردەگرێت. سەبارەت بە خواستی کۆتاییهێنان بە ڕێککەوتنەکە ئینجا لەلایەن هەر یەکێکیانەوە بێت، لەگەڵ ئەمەشدا ئاگادارکردنەوە و ڕاگەیاندنی کارکردن بە ڕێککەوتنەکە، مانای خۆبواردن نییە لە هیچ جۆرە پابەندبوونێکی هەردوولا، ئەمەش ڕێکەوتی کۆتایی هێنانی کارکردن بە یادداشتنامەکەش دەگرێتەوە(وهیب، 2010 : 257) .

لەبەر بوونی ئەمریکییەکی زۆر وەک ڕاوێژکار و کەسانی تەکنیکی لە ئێراندا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئێستگەی ڕادیۆیی و کەناڵێکی تەلەفزیۆنی تایبەت بە خۆی دانا، فڕۆکەخانەی میهرئابادی نزیک لە تارانی پایتەختیشی بۆ مەبەستی سەربازی و گۆڕەپانی نیشتنەوەی فڕۆکەکانی گواستنەوەی ئەمریکی لە تاران تەرخان کرا(آل ثاني، 2000 : 269) .

جگە لەمانەش ئێرانییەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشدا مەشق و ڕاهێنانیان دەکرد، هەر لە ساڵی 1972دا (150) فڕۆکەوانی ئێرانی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا مەشقی خۆیان تەواو کرد، لەگەڵ (320) پسپۆڕی بواری دەریاوانیش ماوەی خولەکانیان لە ئەمریکادا بەسەر برد، ئێرانییەکان لە ئیسرائیلیشدا مەشق و ڕاهێنانیان دەکرد. لە هەمان کاتدا نێردەیەکی سەربازیی ئیسرائیلیش بەشداریی لە مەشق پێ کردنی سوپای ئێرانیدا کرد(آل ثاني، 2000 : 269–270)، بۆیە سوپای ئێران بووە نموونەی پتەوکراو و پاڵپشتیکراو بە ئەفسەر و شارەزایانی ئەمریکی و ئیسرائیلی.

لە سەردەمی شادا سوپای ئێرانی لە (340) هەزار سەرباز پێک هاتبوو و بە پێنجەمین هێزی جیهانی هەژمار دەکرا، ئەگەر سوپای وشکایی ئێرانی لە سێ لیوای زرێپۆش و چوار لیوای پیادە و کەتیبەی بەرگریی ئاسمانی خاوەن ڕۆکێتی (هۆک)ی ئەمریکی و (162) تانکی بەریتانی و ئەمریکی و گوازەرەوەی ئەمریکی و سۆڤییەتی پێکهاتبوو(زهرة، 1985 : 114 ؛ Chubin and Zabin, No Date : 259) ، هەروەها هێزی دەریاییش لە سێ وێرانکەر و چوار بەلەمی مامناوەندی و چوار بەلەمی خێرا و (20) سەرئاوگەڕ و پێنج لابەری مین و دوو کەشتی دابەزاندن و ژێرئاوگەڕ پێکهاتبوو(زهرة، 1985 : 115) .

هەرچی هێزی ئاسمانی بوو ئەوا لە (341) فڕۆکەی جەنگی و (273) هاوێژەری جەنگی هەبوو لەگەڵ کەشتی گەلی گواستنەوە، کە لە (15) Boying 747 و چەندان هەلیکۆپتەر پێکهاتبوو(Graham, 1978 : 168–188).

لە هەمان کاتیشدا شای ئێران بنکە سەربازییەکانی بونیات دەنایەوە و فراوانیشی دەکردن. هەر لە ساڵی 1972 دا ئێران لە ئەسفەهاندا دەستی بە بونیاتنانی بنکەیەکی فڕۆکە جەنگییەکانی کرد، کە تێچووەکەی یەک ملیار دۆلار بوو، کە لە ماوەی چوار ساڵدا تەواوکرا، ئەو بنکەیەش بە گەورەترین و نوێترین بنکە لە ئاسیا دادەندرا. لە هەمان کاتیشدا ئەو بنکەیە گەورەترین ئەرکی مەشقی تێدا جێبەجێ دەکرا، هەروەها گەورەترین وێستگەی مەشق بوو لە ئاسیادا بۆ مەشقکردنی فڕۆکەوانانی فڕۆکەی جەنگی بەکاردەهات(Ramazani, 1970 : 187–189) .

هەر لە ساڵی ١٩٧٤دا کارکردن لە بنکەی دەریایی و ئاسمانی لە بەندەر عەباس بە تێچووی (٢٠٠) ملیۆن دۆلار لەسەر گەرووی هورمز (وەک بەندەرێک لە کەنداو) تەواو بوو(الكبيسي، 1983 : 64–65)، هەروەها پلانی گەشەپێدان بۆ بەندەری جاسک (Jask) لە باکوری کەنداوی عومان دارێژرا، لەگەڵ دروستکردنی بنکەی بوشەهر بەرانبەر دورگەی خەرج، کە هەموو ئامێرێکی پێشەکەوتووی لە ژێر چاودێری دەزگایەکی تەکنیکی ئەمریکی بۆ دابین کرابوو، هەروەها

دامەزراندنی فڕۆکەخانەی ئەهواز و بەکارهێنانی بۆ مەبەستی سەربازی و مەدەنی، و فراوانکردنی بنکەی موحەمەرە لە باکووری کەنداوی عەرەبی و دامەزراندنی چەندین ڕادار بۆ چاودێریکردنی فڕۆکەکان (Chubin and Zabin, No Date : 259 ; جواد، 2007 : 108 ) .

بەم شێوەیە شای ئێران هەنگاوی بۆ زیاترکردنی تێچوو و خەرجییە سەربازییەکانی دەنا، بێگومان ئەمەش لە بەرژەوەندیی کۆمپانیاکانی چەک و کەرەستەی سەربازی ئەمریکا بوو، لە پێناو ئەوەی ئێران ببێتە تاکە هەژموونداری بۆئەوەی ڕۆڵی چاودێری ناوچەکە ببینی و کار بۆ ئەو هێزە بکات. لەم بارەیەوە ئەو گوتەیەی شا زۆر ڕوون و ڕەوانە کە وتی "سوپای ئێرانی هێندە بەهێز دەبێت تا دەگاتە ئەو ئاستەی نەک هەر تەنیا دەبێتە جێگەی گرنگی پێدانی وڵاتانی ناوچەکە بە تەنها، بەڵکو سەرانسەری جیهان ناچار دەبێت سوپای ئێرانی بخاتە نێو حیسابات و لێکدانەوەکانی خۆی و حیسابی تایبەتی بۆ بکات، دروستە ئێران سوپایەکەی خۆی بە بۆمبی ئەتۆمی پڕچەک ناکات، بەڵام سوپایەک بونیات دەنێت تەنها بە بۆمبی ئەتۆمی تێک دەشکێت"(مهابة، 1989 : 91) .

قەیرانی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ئێران لە ئەنجامی ئەو ڕەخنانەی کە کۆنگرێسی ئەمریکا دەربارەی فرۆشتنی چەک ئاڕاستەی ئیدارەی وڵاتەکەی کردبوو دەستی پێ کرد، کە دواتر بووە هۆی دەرچوون و پەسەندکردنی یاسای سنووردارکردنی یارمەتییە دەرەکییەکان لە ساڵی ١٩٧٤، بەپێی ئەو یاسایە کۆنگرێس مافی ئەوەی دەبێت، کە هەر گرێبەستێک سەبارەت بە فرۆشتنی چەکی ئەمریکا هەڵبوەشێنێتەوە(نجاتي، 2008 : 486) .

هەرچی هێزی دەریایی بوو، شا لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، فەرمانی کڕینی شەش کەشتیی مووشەک هەڵگری (Sprance) دەرکردبوو، ئەم کەشتیانە کە پێیان دەوترا ژێردەریایی، توانای هەڵگرتنی (٨) هەزار تۆن تەقەمەنیان هەبوو، کە بە مووشەکی (سی سپارۆیۆ) لە دژی ئامانجە ئاسمانییەکان ئامادە کرابوون، لەگەڵ مووشەکەکانی (Asrok)ی دژە ژێردەرياييەکان، کە لە توانیاندا بوو زەریای هیندی ببڕن، بەبێ ئەوەی پێویستیان بە سووتەمەنی بێت. نرخی یەک کەشتی لەم جۆرە لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا گەیشتە (١٠٠) ملیۆن دۆلار، لەو کاتدا کە شا داوای شەش ژێردەریایی لەم جۆرەی کردبوو، هێزی دەریایی ئەمریکا خۆی توانیبووی پێنج ژێردەریایی دەستەبەر بکات و بەدەستی بهێنێت، بۆیە دەستی کرد بە دروستکردنی گەشتی گەلی گەورە و دووبارە نۆژەنکردنەوەی بنکە کۆنەکان و دروستکردنی بنکەی نوێ لە کەنداو و زەریای هیندی بە هاوکاری ئەمریکا (F.R.U.S., 1969-1976, Vol XXVII, Iran; Iraq, 1973-1976, Doc (26). Memorandum of Conversation1, The Shah, Ambassador Ardeshir Zahedi, Secretary of Defense-James R. Schlesinger, Deputy Secretary of Defense-William P. Clements, Chairman, Joint Chiefs of Staff-Admiral Thomas H. Moorer, Assistant Secretary of Defense (ISA)-Robert C. Hill, Chief, ARMISH/MAAG Iran, Major General Brett, USAF State, Ambassador Richard Helms, U.S. Ambassador to Iran, Washington, July 24, 1973 : 88) .

هەر لە ساڵی 1974دا هێزی دەریایی ئێران دوو کەشتیی پێگەیشت، کە شوێنی نیشتنەوەی هێلیکۆپتەریان لەسەر هەبوو، لەگەڵ هەبوونی نەخۆشخانە و شوێنی نووستن، هەروەها توانای ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنیانشیان هەبوو، لە هەمان ساڵدا دوو کەشتی تێکشکێنەری ئەمریکی لە جۆری (Alen Samer)ی وەرگرت(الربيعي، 2007 : 117) .

ئێران خاوەنی چوار کەشتی جەنگی بوو، کە هەریەکەیان توانای هەڵگرتنی هەشت هەزار تۆن تەقەمەنیان هەبوو، لەگەڵ مووشەکی (دەریا بۆ ئاسمان) و مووشەکی هاربۆن (دەریا بۆ دەریا) بە خێرایی (150) میل. (120) کەشتی وێرانکەری فەرەنسی و (3) ژێردەریایی دەریایی ئەمریکی(جانو، 1987 : 225)، هەروەها هەر لە ساڵی 1974دا ئەمریکا گەورەترین بنکەی دەریایی ئێرانی لەسەر کەنداوی عەرەبی لەسەر ڕێگای باشووری ڕۆژئاوا لە ئێرانەوە بە تێچووی (600) ملیۆن دۆلار دروستکرد. لە هەمان کاتدا داوای لە بەریتانیا و ئەڵمانیای ڕۆژئاوا کرد، پەیوەندییە سەربازی و ئابوورییەکانیان لە ئێران پەرە پێ بدەن و چەک و کەرەستەی بۆ دابین بکەن(العزي، 1981 : 92) .

بەم جۆرە ئێران بووە جبەخانەیەک، کە دوایین پێشکەوتووترین پیشەسازی سەربازی ئەمریکا لە ڕووی چەک و کەرەستەی جەنگییەوە لەخۆ بگرێت. لە هەمان کاتدا ژمارەی ڕاوێژکار و پسپۆڕانی سەربازیش بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد، بەم جۆرە هێزەکانی ئێران لە بەهێزترین و پڕچەکترین سوپاکانی ناوچەکە هەژماردەکرا. سێیەم گەورەترین

هێزی سەربازیی جیهانیان پێک دەهێنا(الشويلي، 2014 : 130) .

جێگای ئاماژەیە شا کۆنترۆڵی تەواوەتی بەسەر سوپادا هەبوو، بەجۆرێک ژەنەراڵێک نەی دەتوانی سەردانی تاران بکات یان چاوی بە ژەنەراڵێکی دیکە بکەوێت بەبێ ئەوەی شا ڕێگەی پێ بدات، هەروەها خودی شا بە وردبینی هەموو پلەبەرزکردنەوەکانی سەرووی پلەی ڕائیدی دەکرد، یاخود زۆرجار پەنای بۆ گواستنەوەی نێوان سەرکردە باڵاکان دەبرد، ئەمەش بۆ دڵنیابوون لەوەی کە لە شوێنێکدا نەمێننەوە، کە نوێنەرایەتی بنکەی دەسەڵات دەکەن، بۆیان یان ڕێگەیان پێ بدەن هاوپەیمانییەکی سەقامگیر دروست بکەن، ئەمە جگە لە ئامرازە زۆرەکانی چاودێریکردنی جووڵەی ئەفسەرەکان بۆ ڕێگریکردن لە پیلانگێڕی بۆ ڕووخاندنی ڕژێمەکەی، هەروەها شا توانی ئاستی سوپا بەرز بکاتەوە بەشێوەیەک کە دڵسۆزییەکی تەواو و گوێڕایەڵی ڕەهایان بۆ شا هەبێت(زهرة، 1985 : 70) .

بەم جۆرە ئێران لە ڕووی هێزی ئاسمانی وشکانی و دەریاییەوە وڵاتانی ناوچەکە پێشکەوتووتر بوو، بە تایبەت لە جۆر و پەرەپێدانی چەکدا، سەرەڕای باڵادەستی عێراق لە ڕووی ژمارەی هێزی ئاسمانیدا، بەڵام ئێران لە توانایدا بوو ڕووبەڕووی زیاتر لە دوو هێندەی هێزە بەرگرییەکانی عێراق و سعودیە بەیەکەوە ببێتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەم دوو وڵاتە هەر فڕۆکەیەکی جەنگی کە هەیانە بەکاربهێنن، لەبەرانبەردا ئێران دەیتوانی (800) تۆن بۆمب لە یەک لێدان بەرکاربهێنێت. لەکاتێکدا عێراق و سعودیە تەنها لە توانیاندا بوو (400) تۆن دابین بکەن(تاهنيتن، 1978 : 6) .

دەکرێت بڵێین شا باوەڕی وا بوو، کە هێزێکی سەربازی گەورە تاکە ڕێگایە بۆ ئەوەی ئێران ببێتە هێزێکی گەورەی ناوچەیی کە ڕۆژئاوا ڕێزی لێ بگرێت، بەڵام ئەوەی لەبیرچوو، کە کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دژایەتی ناوخۆیی چ سیاسی یان مەزهەبی کێشەیەکی ڕاستەقینەی بەردەمی بوو.

سەبارەت بەو هۆیانەی کە پاڵیان بە شای ئێرانەوە نابوو بەم شێوە زەبەلاحە سوپاکەی پڕچەک بکات، ڕاو بۆچوونی توێژەران و لێکۆڵەران سەبارەت بەو پاڵنەرانە ناکۆکە کە پاڵی بە ئێرانەوە نابوو پڕچەک کردنەکە چڕ بکاتەوە، یەکێک لە ئامانجەکان خواستی شای ئێران بوو، لە پێناو تەگەرە دروستکردن لە بەردەم هەوڵی ئەمریکا بۆ دروستکردن و دانانی جێگرەوەیەکی بەریتانیا لە ناوچەی کەنداودا تەنیا خۆی نەبێت. بەڵگەی ئەو گوتەیە ئەوەیە شای ئێران دژی گیرسانەوە و جێگیربوونی هێزی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو، کە سەر بە کەشتی گەلی ئەمریکی بوو و هەر لە کۆتاییەکانی چلەکاندا لە کەنداودا چالاکی دەنواند(بالمر، 1995 : 93) .

دواتر ئەو بڕگەیە لە ئەنجامی ڕێککەوتن و سازانی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بوو لە ناوچەکەدا، کە بریتی بوو لە بەدیهێنانی سەقامگیری و خواستی شای ئێران بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئەمنییەی لە ساڵی 1971دا بەهۆی کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیا دروست ببوو. لەهەمان کاتیشدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یارمەتیدەری ئەو خولیا و ئاڕاستەیە بوو، چونکە چەندین دەستکەوتی بۆ دەستەبەر دەکرد، گرنگترینیان: پڕکردنەوەی بۆشاییەکە بە هێزێکی هاوپەیمان و دواتریش دەستەبەرکردنی جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە بە هێزێکی خۆجێیی. لە هەمان کاتیشدا دۆزینەوەی هۆکارێکی هاندەرانە بوو بۆ هاندانی وڵاتە نەوتییە عەرەبییەکان، لەپێناو کڕینی چەک و کەرەستەی سەربازی ئەمریکی بۆ هاوسەنگ کردنی هێزی خۆیان لەگەڵ خۆپڕچەک کردنی ئێراندا(وهيب، 2010 : 278) . جگە لەمە شا خواستی لە بەدیهێنانی خەونی بونیاتنانی ئیمپراتۆرییایەک بوو کە هێندە بەهێز بێت، لە کەنداوەوە تا دەگاتە دەریای ژاپۆن، ناوچەکە بپارێزێت(هيكل، 2002 : 143)، لە هەمان کاتیشدا ئەو سیاسەتە بەدی بهێنێت، کە ڕەهەندەکانی لە خۆرئاوادا نەخشەیان بۆ کێشرابوو(زهرة، 1985 : 59) .

لەلایەکی دیکەوە یەکێک لە گرنگترین پاڵنەری دیکەی پشت بەرزکردنەوەی ئاستی توانای سەربازیی، شای ئێران حەزی لە دووبارە گەڕاندنەوەی شکۆی ئێران دەکرد، ئەزموونەکانی لاوێتی خودی شای ئێرانیش ئەو حەزەیان بەهێزتر کرد. گرنگترینیان هەست و بۆچوونی خەڵکی بوو، لەوەی بەردەوام لەژێر سایەی دەوڵەتێکی زلهێزدا دەژێت، ئەم هەستە هانیدا خەون بەوەوە ببینێت بە فڕۆکە و تانک و ژێرئاوگەڕەکان شکۆی پاشایە دێرینەکانی فارس بگەڕێنێتەوە، هەروەها ڕێگەی بەرەو ئەو شکۆیەش دابینکردنی چەک و کەرەستەی سەربازی بوو(ماردینی، 1986 : 31) .

جێگای ئاماژەیە سیاسەتی فراوانخوازیی هەنووکەیی ئێران ڕێکەوتێک نەبوو، کە هەلومەرجی کەنداوی عەرەبی

هێنابییەتیە ئاراوە، بەڵکو سیاسەتێکە و شای ئێران هەر لەگەڵ چوونە سەر دەسەڵاتدا لە پێناو دووبارە گەڕاندنەوەی شکۆی ئێران پەیڕەوی کردووە(الريس، د.ت : 151)، بەڵام سەبارەت بەو پاساوەی شای ئێران لەمەڕ سیاسەتە سەربازییەکەی باسی کردبوو، پاراستنی کەنداوی عەرەبی لە کردەکانی تێکدەری و دزەکردنی کۆمۆنیستی و پاراستنی گەرووی هورمز بوو، کە خاڵی بەیەکتر گەیاندنی نێوان کەنداو و دەریای عەرەب و زەریای هیندی بوو، هەروەها شادەماری کەنداویشە بە دەوڵەت و گەل و نەوت و ئابووری و ژیانیشییەوە، جا ئەوەی گرنگترین ڕێگەی ئاویی لە جیهاندا کۆنترۆڵ بکات، دەشتوانێت کەنداویش بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە(هيكل، 2002 : 143) .

لەلایەکی دیکەوە شای ئێران مەترسی لە ڕکابەری و دوژمنایەتی یەکێتی سۆڤییەت هەبوو دژ بە ئێران، چونکە بەپێی دانپێدانانەکانی وەزیری دەرەوەی ئێران عەباس عەلی خلعەتبەری لەوەی کە ترس و مۆتەکەی کۆمۆنیزم و ئەگەری بڵاوبوونەوە و تەشەنەکردنی هزرەکانی لە ئێراندا، شای ئێرانیان نیگەران کردبوو، لەبەرئەوە گشت سیاسەت و بڕیار و ئاڕاستەگرییەکی خۆی لەسەر بنەمای ئەو نیگەرانییە بونیات دەنا، لەمبارەیەوە عەباس خلعەتبەری دەڵێت: "شای ئێران گشتاندنێکی ئاراستەی باڵیۆزەکانی ئێران لە وڵاتانی خۆرئاوا کردووە و فەرمانی پێ کردوون نامە بۆ باڵیۆزانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بنووسن و لە سندووقەکانی تایبەت بە کاغەزە نهێنییەکاندا بیانپارێزن، بۆ ئەوی پاشان و لەو کاتەی ئێران ڕووبەڕووی دوژمنایەتیی یەکێتی سۆڤییەت دەبێتەوە، ڕێکەوتێکی لەسەر بنووسن و بۆ باڵیۆزانی ئەمریکای بنێرن"(الشحيف، 2005 : 101) .

جێگای ئاماژەیە ئەوەی ترس و نیگەرانی شای ئێرانیشی زیاتر کردبوو ئەوە بوو، یەکێتی سۆڤیەت لە ململانێی لەگەڵ عێراقدا تایبەت بە کێشەی سنوور یارمەتی عێراقی دەدا. هەرچەندە (بۆدگۆرنی)ی سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای سۆڤیەت لەو کاتەی شای ئێران لە ساڵی 1974دا سەردانی یەکێتی سۆڤیەتی کردبوو، بۆ شای ڕوون کردبوویەوە، کە باشترە ناکۆییەکانی نێوان عێراق و ئێران بە دانوستان و لەسەر بنەمای بەیەکەوە ژیانی ئاشتییانە و هاوسێیەتی باشەوە چارەسەر بکرێن(الشحيف، 2005 : 102) .

لەلایەکی دیکەوە بە بۆچوونی یەکێتی سۆڤیت، ئێران کۆسپی بەردەمیان بوو لە ناوچەکەدا، چونکە پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چیندا هەبوو(الشحف، 2005 : 103)، هەروەها هێزەکانی ئێران دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە عومان، کە لەلایەن سۆڤیەت پاڵپشتی دەکرا، شەڕیان کرد. لە هەمان کاتدا ئێران یارمەتی سۆماڵیدا لە دژی ئەسیوپیا، کە بووە هۆی دەرچوونی سۆماڵ لە سایەی ڕەوتە سیاسییەکانی سۆڤیەت(هيكل، 2002 : 152-153) .

لە گۆشەیەکی دیکەوە، شای ئێران ترس و نیگەرانی لە گەلە کۆمەی وڵاتانی عەرەبی هەبوو، لە ئەگەری هەڵگیرسانی جەنگێکی دیکە لەگەڵ ئیسرائیل، کە دەبێتە هۆی داخستنی گەرووی هورمز، بۆ ئەوەی نەوت بەرەو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و خۆرئاوا و ژاپۆن نەچێت(الريس، د.ت : 154)، بەتایبەتی ئەگەر بێتو مین و لوغم لە کەشتییەک دابنرێت و لە پانایی ڕێگە ئاوییەکەدا بتەقێنرێتەوە، لەبەرئەوە بوونی بنکەی سەربازیی ئێران لە شەش دوورگەی دەوروبەری گەرووەکەدا کارێکی پێویست بوو(وهيب، 2010 : 264) .

ترس و نیگەرانییەکانی ئێران هەر تەنیا بەند نەبوو بەو کەشتییە بچووکانەی کەنداو، کە لەوانەبوو مین و دینامێت و چەک هەڵبگرن، بەڵکو زۆر لە ژێرئاوگەڕەکانی دوژمن دەترسا کە ژێرئاوگەڕی سۆڤیەت بوون، چونکە وڵاتانی عەرەبی کەنداو ژێرئاو گەڕیان نەبوو، ئەمەش ڕۆڵی ڕاداری ئێرانیمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە سەرانسەری کەنداویان داپۆشی بوو(الريس، د.ت : 154)، هەروەها کڕینی سیستمی ڕابیر لەلایەن ئێرانەوە ئەوە ڕوون دەکاتەوە، بۆ بەرگریی ئاسمانی کە دژ بە هێرشە نزمەکانی فڕۆکەکان تۆڕی پاراستنی ئەلیکترۆنی ئاسمانی دەستەبەر دەکرد، کڕینی ئەو سیستەمەش بەهاکەی (100) ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی بوو، بە بڕوای شای ئێران ئەو چەک و کەرەستە زەبەلاحەی پێ باشتر بوو ، تاوەکو هەمان ئەو ڕۆڵەی بەریتانیا بگێڕێت، کە پێش ساڵی 1971 لە ناوچەکە هەیبوو(الريس، د.ت : 154) .

یەکێک لەو هۆکار و پاڵنەرانەی بۆ پێشخستنی سیاسەتی خۆپڕچەک کردن هانی ئێرانیدا، ئەو گومان و ڕەخنانە بوون کەوا شای ئێران ئاڕاستەی ئاستی کارایی هاوپەیمانی (CENTO)ی کرد لە ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕان و

وەرچەرخانە نوێیەکانی هەرێمیدا، نموونەی زیندوو و بەرچاویش بوو، کە شای ئێران هەوڵی دا ترس و نیگەرانییەکانی خۆی لە هەنبەر هەلومەرجی نێودەوڵەتیدا بسەلمێنێت، کە بریتی بوو لە گوێ پێنەدان و خۆ گنخاندنی دەوڵەتانی (CENTO) بۆ پێشکەش کردنی کۆمەک و یارمەتی سەربازی بە پاکستان لەو کاتەی، کە ئەو وڵاتە لە ساڵی 1965دا لە جەنگی دژ بە هیندستاندا بوو، ئەمەش ئەو پرسە بوو ئێران زۆر دەترسا لە بەرانبەر ئەویشدا دووبارەی بکەنەوە، ئەگەر هاتوو دژ بە عێراق بچێتە نێو ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازییەوە(العیدروس، ج(3)، د.ت : 111-112).

جێگای ئاماژەیە تیمێکی دیکەی پسپۆڕانی سەربازی، پێیان وا بوو سەرچاوەی ترسی ڕاستەقینەی شای ئێران، لە دوو سەرچاوەی دژ بەیەکی عەرەبییەوە بوون، ئەوانیش:

یەکەمیان: ترس لە کێبڕکێی میرنشینی عەرەبیی یەکگرتوو بوو ،کە نایەوێت دان بە هیچ ڕۆڵێکی ئێراندا بنێت لە کەنداو، ئەمەش بووە هۆی گرژییەکی ڕاستەقینەی نێوانیان(الریس، د.ت : 156) .

دووەمیان: عێراق خەمە هەرە گەورەکەی ئێران بوو، لەبەرئەوەی لە 80% ی سوپای ئێران تا ئەو کات لەسەر سنووری عێراقدا بوو، بۆ ئەوەی لە کەنداودا ڕووبەڕووی هەژموونی عێراق بوەستنەوە، لە هەمان کاتدا شای ئێران کوردەکانی عێراقی وەک فشارخستنە سەر حکومەتی عێراق بەکاردەهێنا، بۆیە ئەو ڕووداوانەی لەسەر سنووری عێراقی- ئێرانی و شەتولعەرەبدا ڕوو دەدەن، جێگەی نیگەرانی و ترسێکی ڕاستەقینەی ئێرانن(العیدروس، ج(3)، د.ت : 111-112) .

سەبارەت بە ئامانجە ڕاستەقینەکانی پشت ئەو گرنگی دانەی کە ئیدارەی ئەمریکا بە پڕچەک کردنی ئێرانیدا، چونکە ئێران خۆی گرنگییەکی تایبەتی هەبوو بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەگەڕایەوە بۆ ئەم هۆیانەی خوارەوە:

یەکەم: ئێران بە ڕێگەیەکی وشکایی نێوان یەکێتی سۆڤییەت و ئاوە گەرمەکانی کەنداو و دەریای عەرەب و لەوێوەش بەرەو زەریای هیندی لە باشوور دادەنرێت.

دووەم: ئێران بە ئەڵقەی بە یەکتری بەستنەوەی ئاسمانی نێوان ئەوروپا و دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی دوور دادەنرێت .

سێیەم: ئێران بە ڕێگەیەکی وشکایی نێوان پاکستان و ئەفغانستان و دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی دوور دادەنرێت(الطناحي، 2005 : 22) .

چوارەم: ئێران گەرووی هورمز و هەندێک دوورگەی گرنگی کۆنترۆڵ کردووە، بۆیە کۆنترۆڵی بەسەر جوولەی دەریاوانی نێو کەنداو و جوولەی گوازەرەوە گەورەکانی نێویدا هەیە.

پێنجەم: ئێران دەنواڕێتە سەر دەریای قەزوین و کەنداوی عەرەبی و کەنداوی عومان .

شەشەم: ئێران چەند بنکەیەکی گرنگی دەریایی هەیە، وەک: (بەندەر عەباس- بەندەر شاهپوور- بەندەری بوشەهر)(الطناحي، 2005 : 22) .

دەکرێت بڵێین ئەو مامەڵە و گرێبەستە سەربازییانەی لەگەڵ ئێران دەبەستران، زیاتر بۆ چارەسەری گرفتەکانی ویلایەت یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوون، لەوەی سوودیان بۆ ئێران هەبێت، ئەمەش بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لەم قۆناغەدا و کورتهێنان و پەککەوتنی تەرازووی بازرگانی ئەمریکی بوو .

لەلایەکی دیکە بودجەی بازرگانی ئەمریکی لە ساڵی 1971دا دووچاری یەکەمین کورتهێنان و پەککەوتن ببوو، ئەمەش یەکەم کورتهێنان بوو لە مێژووی ئەمریکا لە سەدەی بیستەمدا. گرنگترین هۆیەکانی ئەم کورتهێنان و پەککەوتنە ڕووداني جەنگی ڤێتنام بوو، کە سەرچاوەیەکی زۆری دارایی ئەمریکای بەفیڕۆ دا و باری سەرشانی خەڵکی بە باج قورس کردبوو، بۆیە لە دۆخێکی لەم شێوەیەدا سروشتی بوو، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بیر لە چەند ڕێگە و شێوازێک بکاتەوە، بۆ ئەوەی قەرەبووی ئەو کورتهێنانە بکاتەوە، لەنێو زۆر لەم ڕێگەیانەدا فرۆشتنی چەکی لە هەموویان پێ باشتربوو، بێگومان ئەو فرۆشتنەش بە بەرزترین ئاست و فراوانترین سنوور بوو(ماردیني، 1986 : 30) .

دواتر تاکە ئامانج لە فرۆشتنی چەکی ئەمریکی هەر تەنها پتەوکردنی ئاسایشی خۆی و هاوپەیمانەکانی نەبوو، بەڵکو لە هەمان کاتدا ئامانجێکی ئابووریش بوو، کە لە بواری داراییدا کورتهێنان و پەککەوتنی پڕ دەکردەوە(ماردیني، 1986 : 30)، هەروەها واشنتۆن ئارەزووی گەڕاندنەوەی زۆرترین پترۆ دۆلاریشی هەبوو، بەو پێیەی ئەمریکا بەرەو قۆناغی پاشەکشەی ئابووری و چەقبەستنی ئابووری دەڕۆیشت و لەگەڵ ئەوەی کۆشکی سپی لەژێر فشاردا بوو، بۆ

گەڕاندنەوەی زۆرترین ڕێژەی پترۆ دۆلاری ئەمریکی بەهۆی فرۆشتنی چەک بە بەرهەمهێنەرانی نەوتەوە لەبەرانبەر کڕینی هەموو ئەو چەکانەی کە دەتوانرێت بکڕدرێت(کلیر، 1980 : 278) .

کالآ فرۆشراوە جەنگییەکانی ئەمریکا ئامانجێکی ئابووری لە پشتەوە بوو، بۆ چاککردنەوەی کەموکورتییە گەورەکەی تایبەت بە باڵانسی خەرجی ئەمریکی بە هۆی جەنگی ڤێتنامەوە(حداد، 1977 : 80)، ئەمەش هەمان ئەو ڕاستییە بوو کە "ویلیام بی- کلیمنس"ی جێگری وەزیری بەرگریی ئەمریکی بۆ کۆنگرێسی ڕوون کردەوە و وتی: "هەر خۆگنخاندن و خاوەخاو کردنێک لە هەناردەکردنی چەک و کەرەستەی جەنگی، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی دەرفەتی بەشداریکردنی فرۆشەکان لە بەهێزکردنی ئاسایشی جیهانی ئازاد و زیان گەیاندن بە دۆخی باڵانسی خەرجی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا"(کلیر، 1980 : 278)، جێگای ئاماژەیە ئێران لە ڕووی هێزی ئاسمانی، وشکانی و دەریایی بەتایبەتی لە کوالیتی و وردبینیی چەکدا لە وڵاتانی ناوچەکە پێشکەوتووترە .

بەرنامەی خۆپڕچەککردنی ئێران لەنێو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ڕووبەڕووی هەندێک گرفت دەبێتەوە، بۆ نموونە: وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە پاساوی ئەوەی ئێران ڕووبەڕووی هیچ هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆی سەربازیی نەبووەتەوە تا بکرێتە بیانوو ئەو یارمەتی و کۆمەکانەی بۆ بنێردرێت(شوکروس، د.ت : 165). ئێرانیش لەگەڵ بەردەوام بوونی پاراستنی ئاستی گەشەپێدانی ئابووری کە لەپێناو سەقامگیریی سیاسی زۆر پێویستە، ناتوانێت بەرگەی کڕینی ئەو هەموو چەکە بگرێت، لەبەر ئەو ئامانجە، لەوانەیە زیادکردنی گوژمەی تێچوو و خەرجی سەربازی، ببێتە هۆی لاوازکردنی ئاسایشی ئێران لە جیاتی ئەوەی پتەو و بەهێزتری بکات(وهیب، 2010 : 267).

ئەو کەسانەی ڕەخنەیان لە کەڵەکەبوونی چەکی ئێرانی دەگرت، کە ببووە هۆی تەقینەوەیەکی نێو بواری خۆپڕچەک کردنی ئێران، پێیان وا بوو ئەمریکا دوای ڕێککەوتننامەی ئایاری ساڵی 1972 تەواوی کۆنترۆڵی خۆی لەسەر بەرنامەی پڕچەککردن لە دەست داوە(شوکروس، د.ت : 195). نەک هەر ئەمە، بەڵکو ئەو چەکە نوێیانەش پێویستییان بە چاککردنەوە و نۆژەنکردنەوە و مشتوماڵ کردنی بەردەوام و خزمەتگوزاری هەیە، کە چەند کەسانێکی لێهاتوو و کارامەی تەکنیکی جێبەجێی بکەن، ئێرانیش دەستی مەشق پێکراوی کارگەری نییە، تا ئەو خزمەتگوزارییانە پێشکەش بکات(هولیدای، 1975 : 134-135) .

بەم جۆرە دەردەکەوێت کە هەموو گرێبەست و ڕێککەوتننامەیەکی بواری کڕین و فرۆشتنی چەک و کەرەستەی سەربازی پێشکەوتوو کە شای ئێران لەگەڵ ئەمریکادا واژۆی دەکرد، مەرجێکی نوێ و پێویستییەکی دیکەی بۆ پاڵپشتی کردن دەهێنایە ئاراوە کە تەنها تەکنیککارانی ئەمریکی دەیانتوانی پێشکەش و دەستەبەری بکەن(کلیر، 1980 : 278)، ئەمەش دەبووە هۆی زیاتربوونی ژمارەی پسپۆڕانی سەربازیی ئەمریکی لەگەڵ گرێبەستە نوێیەکاندا و پێویستی بە (50 - 60) هەزار پسپۆڕ هەبوو(حداد، 1977 : 82)، دواتریش ئەو کەسە تەکنیککارانە دەبوونە بەشێکی سەرەکیی کەرەستەی جەنگی پێشکەوتووی ئێران لە ڕووی تەکنۆلۆژییەوە، واشنتۆنیش دەیتوانی لە ڕێگەی هەڕەشەکردن بە کشاندنەوەی ئەو تەکنیککارانە و پەیڕەوکردنی جۆرە مافێکی ڤیتۆیی لەسەر چالاکییە سەربازییەکانی ئەمریکادا جێبەجێ بکات(کلیر، 1980 : 278) .

بەم شێوەیە دەبینرێت مەبەست و ئامانج لە بەرنامەی چەکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوە بوو، دەستەبەری ئەوە بکات بریکارەکەی بە شێوەیەکی سەربەخۆ و دوور لەو ڕۆڵەی وەک پاسەوانی بەرژەوەندییە نەوتییەکانی خۆرئاوایی بۆی دانراوە، کار نەکات(کلیر، 1980 : 278) .

دەکرێت بڵێین یەکێک لەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی بەرنامەی پڕچەککردنی ئێران کرایەوە ئەوە بوو، کە بە ( مامەڵە و گرێبەستە ناپابەندکارەکانی چەک) ناودێر کرابوو، چونکە بۆ ئەمریکا ئەستەم بوو لە گشت ئەو ململانێیانەی ئێران بەڕێوەی دەبردن، لە ڕۆڵی بێلایەنیدا بمێنێتەوە، چونکە بەگەڕخستن و چاککردنەوەی ئەو چەکانە پێویستیان بە بوونی شارەزایانی ئەمریکی هەبوو، ئەمەش سەرەتای تێوەگلانەکە بوو .

لەلایەکی دیکەوە فرۆشتنی چەک بە ئێران و ئیسرائیل و شانشینی عەرەبی سعوودی، کە ئەمریکا پڕچەکیان دەکات و پسپۆڕ و شارەزای ڕاهێنراویان بۆ دەنێرێت، ئەگەر هاتوو جەنگێک لە نێوان ئەو لایەنانەی نێو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

دروست بوو، ئەمریکا دەخاتە نێو هەڵوێست و دۆخێکی زۆر ڕووگیرەوە یاخود نائاساییەوە (محرج) (حداد، 1977 : 82) .

جێگای ئاماژەیە تیمێک لە مێژوونووسان هەبوون پێیان وا بوو ئەم سیاسەتە (بەدەستهێنانێکی زۆری چەکی نوێ لەلایەن ئێرانەوە) لەسەرووی پێداویستییە ڕاستەقینەکانی وڵاتەکە و لەسەرووی کارامەیی ئێرانییەکانە بۆ بەگەڕخستن یان بەرگریکردن، ڕاستییەکەی، کودەتا و پیلانێکی ئەمریکییە و مەبەست لێی بەهێزکردن و هێنانەکایەی ئەو خەونانەی شای ئێرانە، کە پڕە لە شێتی مەزنایەتی (جنون العظمی). لەهەمان کاتدا گەڕاندنەوەی پترۆ دۆلارە بەپێی توانا (Menashri, No Date : 96)، ئەمەش لەوانەیە ببێتە هۆی شێوەیەکی نوێی وابەستەیی و پشت بەستن و ملکەچی و پاشکۆ بوونی ئابووری و سەربازی لە بواری سیاسەتی دەرەوەی ئێرانیدا(Menashri, No Date : 96). لە هەمان کاتدا ئەو چەک و کەرەستە سەربازییانەی ئەمریکا دەیان فرۆشێتە ئێران، بوونەتە هۆی بوژاندنەوەی پیشەسازیی جەنگی ئەمریکا، کە لەوانە بوو بە هۆی کۆتایی هاتنی جەنگی ڤێتنامەوە، دووچاری قەیران ببووایەوە(الشحف، 2005 : 101–102)، بەڵام بووە هۆی پەیدابوونی هۆکارێکی نوێی نەرێنی، ئەویش خراپەکاری و گەندەڵی بوو(هولیدای، 1975 : 137). بەتایبەتی بەخشین و پێدانی بەرتیل بەو نێوەندکارانەی نوێنەرایەتی کۆمپانیاکانی چەکی ئەمریکایان دەکرد، بۆیە لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ئەنجوومەنی پیراندا بەم جۆرە وەسفی کرد "کە زۆر بە هەنگێکی بێدەنگی سەر دەفری هەنگوین دەچن"(کلیر، 1980 : 280)، چونکە ئەو کۆمپانیایانە پەنایان بردە بە بەخشینی بەرتیلی گەورە، بۆ ئەوەی گرێبەستی چەک لەگەڵ ئێران ئەنجام بدەن، هەر بۆ نموونە کۆمپانیای گرومان (Grumman) لەو گرێبەستەی کە بەهاکەی گەیشتە (٢,٣) بلیۆن دۆلار، لە کاتی پرۆسەی دانوستان لەسەر فرۆشتنی فڕۆکەی جۆری (F14)، نزیکەی (28) ملیۆن دۆلاری وەک عموولە بەخشییە کارمەندانی حکومەتی ئێرانی(بولاک، 2005 : 169)، هەروەها کۆمپانیای نورتروبیش بڕی (١٠) ملیۆن دۆلاری وەک بەرتیل بەخشی، ئەمەش بۆ ئاسانکاری فرۆشتنی ئامێرەکانی پەیوەندی کردنی بێتەل بوو بۆ فڕۆکە جەنگییەکانی جۆری (F5) (کلیر، 1980 : 280 ؛ هولیدای، 1975 : 137–138).

دواتر وەک هەوڵێک بۆ وەڵامدانەوەی ئەو ڕەخنانەی ڕووبەڕووی سیاسەتی پڕچەک کردنی ئێران دەکرانەوە، لە ساڵی ١٩٧٣دا (نویس)ی یاریدەدەری جێگری وەزیری بەرگری ئەمریکا باسی لەوە کرد وتی، کە "سیاسەتی پڕچەککردنی ئێران بە چەک، هەر تەنها لە ئەنجامی زنجیرەیەک کاروکردەوەی هەڕەمەکی نەبووە، بەڵکو لە ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی خواستی واشنتۆنەوە سەری هەڵدا، بۆ ئەوەی ئێران بکاتە هێزێکی پۆلیسییانەی بریکار، چونکە هیچ بژاردەیەک لە بەردەم واشنتۆندا نەماوەتەوە تەنها جێبەجێکردنی داواکارییەکانی شای ئێران نەبێت، کە بۆ گێڕانی ئەم ڕۆڵەی پێویستی پێیان هەیە"(کلیر، 1980 : 277) .

لەلایەکی دیکە سەبارەت بە بیرو بۆچوونی هێنری کیسنجەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کە پێی وا بوو فرۆشتنی چەک بە ئێران لە کۆنترۆڵ دەرناچێت و ئەو سیاسەتەی پڕچەککردنی ئێران خزمەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەرژەوەندییەکانی دەکات لە ناوچەی کەنداو، کیسینجەر ئاماژەی بەمەش کردووە، یەکێک لەو پرسانەی لەسەری ڕێککەوتوون ئەوەیە، کە ئەمریکا چەک بۆ وڵاتانی دۆست دابین بکات، بۆ ئەوەی بتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن(حداد، 1977 : 82). لە هەمان کاتدا (نیکسۆن)ی سەرۆکی ئەمریکا بە جۆرێکی دیکە مەسەلەکەی دیاری کرد، کاتێک جەختی لەوە کردەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چەک و یارمەتی پێشکەشی ئەو وڵاتانە دەکات، کە هەڕەشەی دەستدرێژی و هێرشکردنە سەریان لەسەرە، یاخود بەهۆی دەستدرێژییەوە مەترسییان لەسەرە (Chubin and Zabih, No Date : 258) .

دواتر کیسنجەریش ڕوونی کردەوە، کە ناکرێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕێگری لە فرۆشتنی چەک بکات بە هاوڕێ و هاوپەیمانەکانی، بەتایبەتی لەو کاتەی یەکێتی سۆڤیەت هاوپەیمانەکانی خۆی پڕچەک دەکات و لەم بوارەشدا و لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانییەوە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، چونکە سۆڤیەت لە ڤێتنامدا یارمەتی هاوپەیمانەکانی خۆیدا و چەک و ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانی شەرکەری بۆ ناردن(نیکسون، 1983 : 280) .

لەم ڕوانگەیەوە، بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیشی، پێویستیان بەوە هەیە وڵاتانی هەڕەشە لێ کراو

بۆ بەرگری لەخۆکردن یارمەتی پێویستیان پێشکەش بکرێت، چونکە هەلومەرجی جیهانی هێشتاکە پێویستی بە هەبوونی پێرەوکاریی ڕەگەزە سەرەکییەکانی بنەماکەی نیکسۆن هەیە، هەر لە سایەی ئەمەشەوە دەتوانین بەهۆی بەخشینی یارمەتی سەربازی و ئابوورییەوە، خۆمان لە زۆر جەنگ بەدووربگرین(نیکسون، 1983 : 280-281) .

دەکرێت بڵێین پێگەی ئێران لە چوارچێوەی ستراتیژی سەربازی ئەمریکادا بەهێزتر بوو، بە تایبەت بە کردنی ئێران بە جبەخانەیەکی گەورەو پێشکەوتووی چەک، کە بنکەی پێشکەوتووی ئەمریکای تێدابوو و خاوەنی نوێترین جۆری چەکی پێشکەوتوو و بەرز بوو، کە ئەمریکا بەرهەمی هێنابوو. پەیوەندییە سەربازییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران لە کۆتایی جەنگی جیهانی دووەمەوە دەستی پێ کرد، دوای ئەوەی ئەمریکا بوو بە لایەنێکی دانپێدانراو لەسەر ئاستی یەکسان لەگەڵ بەریتانیا و یەکێتی سۆڤیەت کاتێک هەموویان ئەو ڕێککەوتنە سێ قۆڵییەیان دەرکرد، کە تێیدا بەڵێنیاندا هاوکاری ئابووری پێشکەش بە ئێران بکەن، لە ڕوانگەیەکی دیکەشەوە لە ماوەی سەرۆکایەتی نیکسۆن تەنانەت لە سەردەمی جیراد فۆردیش بەردەوام بوو، لە جەختکردنەوە لەسەر گرنگی پاڵپشتیکردنی پرۆژەی پرچەککردنی ئێران، کە لەم کارەشدا کیسینجەری ڕاوێژکاری زۆر هاوکار بوو .

**٧- ئەنجام :**

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە دەگەینە ئەو دەرئەنجامانەی خوارەوە :

– پێشکەوتنی پەیوەندی نێوان عێراق و یەکێتی سۆڤیەت کاریگەری ڕاستەوخۆی کردە سەر بەهێزبوونی پەیوەندی ئەمریکا و ئێران .

– بەهۆی بوونی شوێنی جیۆسیاسی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەمریکا بایەخی زۆری پێ دەدا و هەوڵی بەهێزکردنی پەیوەندی ستراتیژی لەگەڵ ئێران دەدا .

– هاوکارییە سەربازییەکانی ئەمریکا بۆ ئێران لە سەرەتای حەفتاکانەوە دەست پێ دەکات تاکو ڕووخانی شا، چونکە لەو ماوەیەدا ئەمریکا نەیدەویست ڕاستەوخۆ دەستێوەردان لە کاروباری جیهاندا بکات، بەڵکو پشتی بە هاوپەیمانەکانی دەبەست بۆ ئەوەی هەرچی بیەوێت لە جیاتی خۆی پێیان ئەنجام بدات، هەرچەندە دەنگی ناڕەزای لە ناوخۆی ئەمریکا لەپرچەککردنی ئێران هەبوو .

– ئەمریکا نەیدەویست ئێران لە ڕووی ئابووری زۆر گەشە بکات، بۆئەوەی ژاپۆنێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست نەبێت.

ئەمریکا دەیویست ئێران ببێتە مەڵبەندێک بۆ گەیاندنی چەک بۆ وڵاتانی ناوچەکە ، هەروەک ئیسرائیلی وەک ناوەندێک بۆ گەیاندنی چەک بۆ ئەفریقای باشوور بەکارهێنا.

– یەکێتی سۆڤیەت هەوڵی فراوان کردنی هەژموونی خۆیدا لە ناوچەی کەنداو لە ڕێگەی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق، ئەمەش ببووە مایەی نیگەرانی ئێران، بۆیە پەیوەندییەکانی یەکێتی سۆڤیەت و ئێران ڕووبەڕووی گرژی بۆوە .

– دوای ئەوەی نیکسۆن پۆستی سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای وەرگرت، هاوکارییە سەربازی و ئەمنییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران زیاتر بوو، هەرچەندە لایەنە پەیوەندیدارەکان لەناو ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتیوانیان لە بڕیارەکەی سەرۆک نیکسۆن و هێنری کیسینجەری ڕاوێژکارەکەی نەکرد، بەڵام نیکسۆن و کیسنجەر پشتگوێیان خستن، چونکە پێیان وا بوو بەرزکردنەوەی نرخی کەرەستەو چەکی پێشکەوتووی ئەمریکا دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی خواستی ئێران بۆ کڕینی چەک.

– هەناردەی چەکی ئەمریکا بۆ ئێران بەردەوام، هەرچەندە شای ئێران ئەگەر بەهۆی نەوتی وڵاتەکەیەوە چەند دۆلاری دەست بکەوتبایە، دەبووایە لە بەرانبەردا دوو دۆلار نرخی کڕینی کەرەستە سەربازییەکانی ئەمریکا بدات .

– لاوازبوونی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ئێران لە ئەنجامی ئەو شەپۆلە ڕەخنانەی کە کۆنگرێسی ئەمریکا سەبارەت بە فرۆشتنی چەک ئاڕاستەی ئیدارەی وڵاتەکەی کردبوو لە1974 دەستی پێ کرد . هەرچەندە بەرزکردنەوەی ئاستی توانای سەربازیی شای ئێران فراوان بوو .

– پەیوەندی ئێران و یەکێتی سۆفیەت باش نەبوو ، ئەمەش کاریگەری لەسەر بەهێزبوون و هەماهەنگی زیاتری ئەمریکا و ئێران هەبوو.

## 8– سەرچاوەکان

### 8–1 بەڵگەنامەکان

**بەڵگەنامەی ئەمریکی**


Department of State Tehran, Telegram (3254) From the Embassy in Iran to the Department of State, May 30, 1972.

F.R.U.S, 1969 -1976, Vol. E-4, Iran and Iraq (1969-1972) No. (303), Memorandum from Executive secretary of the Department of state (Eliot) to the president Assistant for National security affairs (Kissinger), Treat, Washington, 13 April 1972 .

F.R.U.S, 1969–1976, Vol E–4, Documents on Iran and Iraq, 1969–1972, Doc (200), Tehran, May 30, 1972 .

F.R.U.S, 1969–1976, Vol E–4, Iran and Iraq, 1969–1972, Doc (201), Memorandum of Conversation, (Mohammed Raza Pahlavi Shahanshah of Iran), The President, Henry A. Kissinger (Assistant to the President for National Security Affairs), Tehran, May 31, 1972.

F.R.U.S, 1969–1976, Vol E–4, Iran and Iraq, 1969–1972, Doc (212), Memorandum From Harold Saunders of the National Security Council Staff to the Presidents Assistant of National Security Affairs (Kissinger), Washington, July 14, 1972 .

F.R.U.S, 1969–1976, Vol E–4, Iran and Iraq, 1969–1972, Doc (201), Memorandum of Conversation, (Mohammed Raza Pahlavi Shahanshah of Iran), The President, Henry A. Kissinger (Assistant to the President for National Security Affairs), Tehran, May 31, 1972.

F.R.U.S, 1969-1976, Vol XXVI, Iran; Iraq, 1973-1976, Doc (37). Editorial Note .

F.R.U.S, 1969-1976, Vol XXVII, Iran; Iraq, 1973-1976, Doc (26). Memorandum of Conversation 1, The Shah, Ambassador Ardeshir Zahedi, Secretary of DefenseJames R. Schlesinger, Deputy Secretary of Defense-William P. Clements, Chairman, Jont Chiefs of Staff--A dmiral Thomas H. Moorer, Assistant Secretary of Defense (SA- Robert C. Hiil, Chief, ARMISHIMAAG Iran, Major General Brett, USAF State, Aabassador Richard Helms, U.S. Ambassador to Iran, Washington, July 24, 1973.

F.R.U.S, 1969-1976, Vol XXVII, Iran; Iraq, 1973-1976, Doc (1). Airgram From the Embassy in Iran to the Department of State, Tehran, January 9, 1973 .

F.R.U.S, 1969-1976, Vol XXVII, Iran; Iraq, 1973-1976, Doc (62). Telegram From the Embassy in Iran to the Department of State, Tehran, June 26, 1974 .

F.R.U.S, 1969-1976, Vol XXVII, Iran, Iraq, 1973-1976, Doc (179). Action, Memorandum From the Assistant Secretary of State for Near Eastern and South Asian, Affairs (Atherton) to Secretary of State Kissinger, Washington, July 29, 1976.

U.S. treaties and other international agreements memorandum of under standing btween the gernment of the United State of American general services administration .


### 8–2 کتێب

**بەزمانی فارسی**


- عليرضا ازغندي، روابط خارجي ايران 1320 – 1357، چاپ نهم، نشر قومس، ١٣٨٨هـش .
- گريگوری بوندارفسکی، تاريخ توسعي طلبي أمريكا در إيران، د.م، د.ت .


**بەزمانی عەرەبی**


- ابراهيم وهيب، الإستراتيژية الأمريكية في إيران، د.م، 2010 .
- أحمد باسل البياتي، دور ايران في المنظومة الامبريالية، بحث في كتاب (دراسات عن تاريخ الخليج العربي والجزيرة العربية)، مركز دراسات الخليج العربي، جامعة البصرة، 1985 .
- أحمد مهابة، إيران بين التاج والعمامة، ط(1)، دار الحرية، القاهرة، 1989 .
- اسماعيل صبري مقلد، أمن الخليج وتحديات الصراع الدولي، ط(1) الكويت، 1984 .
- أسيمة جانو، التاج الإيراني، ط(1)، القاهرة، 1987 .
- أنثوني بايسونز، مذكرات آخر سفير بريطاني في طهران في عهد الشاه 1974 – 1979م، ت: خالد سليم أحمد، ط(1)، الدار العربية للموسوعات، بيروت، 2010 .
- بسيوني محمد الخولى، الصراع العراقي الإيراني، ط(1)، الهيئة العامة للكتاب، القاهرة، 1986 .
- جواد كاظم حطاب الشويلي، مبدأ نيكسون وأثره في منطقة الخليج العربي 1969 – 1979، ط(1)، دار ومكتبة بصائر للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، 2014 .
- حسن محمد طوالبة، الشبيهان، ط(2)، د.م، 1980 .

- ـــــــــ، مناقشات في النزاع العراقي الإيراني، ط(1)، مكتبة مدبولي، القاهرة، 1984 .
- حقي شفيق صالح، سقوط عرش الطاووس (إنهيار القوات المسلحة الإيرانية في عهد الأسرة البهلوية 1941 – 1979)، ط(1)، مكتبة مدبولي، القاهرة، 2008
- خالد العزي، أضواء على التطور التأريخي للنزاع العراقي – الفارسي حول الحدود، ط(1)، دار الحرية للطباعة، بغداد، 1981.
- ديل آر تاهنيتن، التسلح في الخليج العربي، ت: علي عجيل منهل وعادل يوسف سلمان، منشورات مركز دراسات الخليج العربي، البصرة، 1978 .
- روبرت جراهام، السياسة الاقتصادية لإيران في ظل حكم الشاه، ت: أمين سلام، مجموعة مقالات مترجمة من كتاب "ايران في المحنة"، ط(1)، منشورات مركز دراسات الخليج العربي بجامعة البصرة، سلسلة ايران والخليج العربي (18)، البصرة، 1983.
- روبرت جي . برانجر . وديل آر . تاهتينن، خيارات السياسة الأمريكية في إيران والخليج، المؤسسة الأبحاث العربية، لبنان، 1980 .
- روبرت كوبال ، سياسات الولايات المتحدة في الخليج العربي، ت : خليل علي مراد، بحث في كتاب "دراسات سياسية عن منطقة الخليج العربي"، مركز دراسات الخليج العربى، جامعه البصره، ١٩٨٣ .
- روح الله رمضاني، سياسة إيران الخارجية 1941 – 1973، ت: علي حسين فياض وعبدالمجيد جودي، ط(1)، البصرة، 1984 .
- رياض نجيب الريس، ظفار (الصراع السياسي والعسكري في الخليج العربي 1970–1976)، ط(2)، د.ت .
- ريتشارد نيكسون، مذكرات نيكسون، الحرب الحقيقة، ت: سهيل زكار، ط(1)، دار جان للطباعة والنشر، دمشق، 1983.
- زهير شكر، السياسة الأمريكية في الخليج العربي، ط(1)، معهد الإنتماء العربي، بيروت، 1982 .
- زهير مارديني، الثورة الإيرانية من الواقع والأسطورة، ط(1)، دار اقرأ، بيروت، 1986 .
- سلمى حداد، المساعدات الأمريكية العسكرية لايران، ط(1)، دار القدس، بيروت، 1974 .
- السيد زهرة، الثورة الإيرانية (الأبعاد الاجتماعية والسياسية) مركز الدراسات السياسية والإستراتيجية بالأهرام، القاهره، 1985 .
- صلاح العقاد، نظرية الفراغ والخليج العربي، السياسة الدولية "مجلة"، العدد(34)، القاهرة، أكتوبر 1973 .
- عبدالجبار ناجي و خليل علي مراد، مصادر التسلح الايراني 1946 – 1985 (دراسة وثائقية)، ط(1)، مركز دراسات الخليج العربي، جامعة البصرة، 1986
- عبدالرسول شهيد عجمي و حيدر علي خلف العكيلي، الشاه والنفط "دراسة في سياسة الشاه محمد رضا بهلوي النفطية، ط(1)، تموز ديموزي للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، 2019 .
- علي ناصر علي، مضيق هرمز والصراع الامريكي الإيراني، ط1، دار الفارابي، بيروت، 2013 .
- غلام رضا نجاتي، التاريخ الإيراني المعاصر (إيران في العهد البهلوي)، ت: عبدالرحيم الحمراني، ط(1)، قم – ايران، 2008.
- فريد حاتم الشحف، العلاقات الروسية الإيرانية، دار الطليعة الجديدة، دمشق، 2005 .
- فريد هوليداي، النفط والتحرر الوطني في الخليج العربي وايران، ت: زاهر ماجد، ط(1)، بيروت، 1975 .
- فريدون هويدا، سقوط الشاه، ت: احمد عبدالقادر الشاذلي، مكتبة مدبولي، القاهرة، د.ت .
- فيصل بن سلمان آل سعود، إيران والسعودية والخليج سياسة القوة في مرحلة انتقالية 1968 – 1971، ط(1)، ت: نسرين ناضر، دار النهار للنشر، بيروت، 2006 .
- كنيث بولاك، اللغز الفارسي (الصراع بين ايران وامريكا)، ت: محمد الجورا، دار الفرات للنشر والتوزيع، لبنان، 2005.
- الكونغرس الامريكي، الخليج العربي المناقشة البرلمانية الأمريكية المستمرة بشأن مبيعات الأسلحة إلى أقطار الخليج العربي، ت: وديع ميخائيل حنا، مؤتمر الرابع والتسعون، الدورة الأولى عام 1975، منشورات مركز دراسات الخليج العربي، جامعة البصرة، 1981.
- مايكل أ. بالمر، المصدر السابق . مايكل ا. بالمر، حراس الخليج (تاريخ توسع الأمريكي في الخليج العربي 1833 – 1992م، ت: نبيل زكي، القاهرة، 1995.
- مايكل كلير، الاسلحة والشاه : صعود وسقوط استراتيجية التوكيل، من كتاب (ايران 1900 – 1980)، ط(1)، مؤسسة الأبحاث العربية، بيروت، 1980 .
- محمد جاسم النداوي، واقع العلاقات الإيرانية – الأمريكية الراهنة، مركز البحوث والمعلومات ، بغداد، 1987.
- محمد حسن العيدروس، الجزر العربية الاحتلال الإيراني، ج(3)، دار العدروس للكتاب الحديث،
- محمد حسنين هيكل، مدافع آية الله "قصة إيران والثورة"، ط(6)، دار الشروق، القاهرة، 2002 .
- محمد صادق اسماعيل، من الشاه إلي نجاد .. إيران ... إلى أين، العربي للنشر والنوزيع، القاهرة، د. ت .
- محمد فايد، التوجهات الإيرانية تجاه القوى الكبرى 1979 – 1991م، د.م، د.ت .
- محمد محمود الطناحي، الولايات المتحدة الأمريكية والخليج العربي "دراسة تاريخية سياسية 1971 – 1990"، ط(1)، مطبعة المدني، 2005.
- منى سحيم حمد آل ثاني، السياسة الأمريكية في منطقة الخليج العربي (1945 – 1973م)، ط(1)، منشورات المركز الأكاديمي للدراسات الإستراتيجية، الزقازيق، 2000 .
- منير البعلبكي، موسوعة اعلام المورد، دار العلم للملايين، بيروت، 1992 .

- نزار كريم جواد الربيعي، العلاقات الإيرانية – الأمريكية، ط(1)، مكتب الرجاء، بغداد، 2007 .
- وليام شوكروس، رحلة الشاه الأخيرة "مصير حليف"، ت: قسم الترجمة، الاهالي، دمشق، د.ت .

**بەزمانی ئینگلیزی**

- Amitav Acharya, U.S. Military strategy in the Gulf, London, New York, 1989 .
- David Menashri, Iran adecade of war and Revolution, Holmes & Meier, New York, No Date.
- David Ryan and Paterick Kiely, America and Iraq, New York, 2008 .
- Hooshang Amirahmadi and Nader Entessar, Iran and Arab warld New work : st Martins, 1993 .
- Hossein Amirsadeghi, Twentieth Century Iran, Heinemann, London, 1978 .
- Martin Wright, Iran the Khomeiru Revolution (countries incrisis), No Date .
- Philip Stoddard, U.S .Policy in Gulf and future Perspective, Joint International Symposium on the Arabian Gulf, International Perspective, Baghdad, April, 1 May, 1984.
- Robert Graham, Iran the illusion of power, London, 1978 .
- Shahram Chubin and Sepehr Zabin, The Foreign Relation of Iran Adeveloping state in azone of great – power conflict, University of California Press, London, No Date .
- Sharhrom Chubin, Security in the Persian Gulf the Role of outside powers, London The International institute for studies, 1982 .

### 8-3 تێزی دکتۆرا

**بەزمانی ئینگلیزی**

– MD. ABUL KALAM AZAD, IRAN-US (UNITED STATES) RELATIONS SINCE 1945, Unpublished (Phd) Thesis, FACULTY OF ARTS, UNIVERSITY OF DHAKA, 2017, P.86.

– Mohammad Nasser Arjomand Ziarati, Iran-U.S. military-security relations in the 1970s, Doctor of Philosophy (Phd) thesis, University of Kent, 1989 .

– Roham Alvandi, Nixon, Kissinger and the Shah: US-Iran Relations and the Cold War,1969-1976, Thesis (Phd), University of Oxford, 2010 .

– Scheherazade Daneshkhu, The Political Economy of Industrialisation in Iran, 1973-1978, (Phd) London School of Economics, London, No. Date .

– Stephen McGlinchey, Arming the Shah U.S. Arms Policies Towards Iran, 1950-1979, A Thesis (Phd), Cardiff University, 2012 .

### 8 –4 نامەی ماستەر

**بەزمانی عەرەبی**

– راضي دواي طاهر الخزاعي، العلاقات العراقية – الإيرانية 1963 – 1975 "دراسة تاريخية سياسية"، رسالة الماجستير، كلية التربية، الجامعة المستنصرية، بغداد، 2007 .

– سوسن جبار عبدالرحمن شريف، الخليج العربي فى السياسة الخارجية الأمريكية 1971 – 1988، رسالة الماجستير غير منشور، كلية الاداب، جامعة الموصل، 2006.

**بەزمانی ئینگلیزی**

- SENA ÜZMEZ, IRANIAN NUCLEAR CRISIS AND ITS IMPACT ON US-IRANIAN RELATIONS BETWEEN 1953-2008, A THESIS SUBMITTED TO THE GRADUATE SCHOOL OF SOCIAL SCIENCES OF MIDDLE EAST TECHNICAL UNIVERSITY, 2010.

### 8-5 رۆژنامە

**بەزمانی ئینگلیزی**

- The New York Times, No. 1306, January 6, 1977.

### 8-6 توێژینەوە زانستیەکان

**بەزمانی عەرەبی**

– افتكار محسن صالح، الدعم الامريكي للمؤسسة العسكرية الايرانية 1973 – 1976م "دراسة تاريخية"، الفنون والأدب وعلوم الإنسانيات والاجتماع "مجلة"، ع(26)، الامارات، تموز – يوليو 2018 .

– سلمى حداد، التسلح الإيراني والأحلام الإمبراطورية، شؤون فلسطين "مجلة"، العدد(62)، يناير 1977 .

– عناد فواز الكبيسي، ايران .. عصا الامبريالية في منطقة الخليج العربي (دراسة في التسلح لايراني واهدافه في عقد السبعينات)، الخليج العربي "مجلة"،

مج(15)، العدد(1)، مركز دراسات الخليج العربي، جامعة البصرة، 1983.

– نادية المختار، دبلوماسية الاسلحة الامريكية في الخليج، دراسات سياسية "مجلة"، العدد(1)، قسم دراسات السياسية بيت الحكمة، بغداد، 1999 .

**بەزمانی ئینگلیزی**

- Rouhollah K. Ramazani, Irans Changing Foreign Policy, A Preliminary Discussion, The Middle East Journal, Vol (2), No (4), Autumn 1970 .

## دوافع تسليح وبيع الأسلحة الأمريكية لإيران (1972 – 1974)
## (دراسة تاريخية – سياسية )

اسماعيل عبدالله اسماعيل
قسم تاريخ،كلية أداب،جامعة صلاح الدين–أربيل،
أقليم كوردستان،العراق
ismael.ismael1@su.edu.krd

مهدي محمد قادر
قسم تاريخ،كلية أداب،جامعة صلاح الدين–أربيل،
أقليم كوردستان،العراق
mahdi.qader@su.edu.krd

**الملخص**
إن هذه الدراسة الموسومة بـ(دوافع التسلح وبيع الأسلحة الأمريكية لإيران)، جهود مضنية لإلقاء الضوء على الأوضاع العسكرية في منطقة الخليج العربي، ولاشك أن جانب التسليح في سبعينيات القرن العشرين أخذ جانبا مهما في العلاقات الدولية، على غرار الصراعات المتدلعة آنذاك بين الولايات المتحدة الأمريكية والإتحاد السوفيتي، وسعي كل من الطرفين بذل جهوده من أجل توسيع نفوذه وقدرته السياسية والعسكرية على حساب الطرف الآخر في الشرق الأوسط .

يتناول البحث قيام الولايات المتحدة الأمريكية بتسليح إيران بكل أنواع الأسلحة التقليدية ماعدا الأسلحة النووية، وجاء قرار الرئيس الأمريكي نيكسون ردا على مخاوف انتشار المد الشيوعي في منطقة الخليج العربي وما قام به الإتحاد السوفيتي من إبرام اتفاقية الصداقة والتعاون مع العراق .

ويتناول البحث أن ما قام به الولايات المتحدة من بيع الأسلحة لإيران جعل من إيران وكيلا ومدافعا مخلصا للمصالح الأمريكية في منطقة الخليج، وبهذا أصبح إيران موردا رئيسيا للأسلحة الأمريكية في المنطقة وتفوق على كل من إسرائيل والسعودية في شراء الاسلحة .

**الكلمات المفتاحيية :** دوافع، تسليح، الولايات المتحدة الأمريكية، إيران .

## Motives for Arming and Selling American Weapons to Iran (1972 – 1974)

**Ismael Abdullah Ismael**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University – Erbil, Kurdistan Region, Iraq
ismael.ismael1@su.edu.krd

**Mahdi Mohammed Qader**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University – Erbil, Kurdistan Region, Iraq
mahdi.qader@su.edu.krd

**Abstract**
This research entitled " The motives for arming and selling weapons to Iran by the USA”. it is an attempt to highlight the military situation in the Arabian Gulf region, there is no doubt that the issue of weaponization in the 1970s took on an important aspect of international relations.
Similar to the conflicts developed between the United States and the Soviet Union at the time ،each side exerted its efforts to expand its political influence and military capabilities at the expense of the other side in the Middle East.
This study focused on arming Iran with all forms of conventional weapons excepting nuclear weapons ،a decision by U.S. President Nixon as a result of the risk of communist hegemony spreading in the Arabian Gulf region and the signing of a treaty of friendship and cooperation between the Soviet Union and Iraq.
The American’s weapon sales to Iran have made Iran a loyal and protector of U.S. interests in the Gulf region ،thus making Iran a major buyer of U.S. weapons in the region ،before any of Israel's.
And Saudi Arabia.
**Keywords:** Motives, arming, United States, Iran.